




# ئەحمەدی خانی و دەسەڵاتی کوردی

ماموستا جەعفەر

ئایا ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ ـ ١٧٠٧ز) شاعیرێکی ناسیۆنالیستو باوکی بیری نەتەوەیی کوردییە؟

ئایا لەکۆتایی سەدەی (١٧)دا، نەتەوەیەك لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، کە ناوی نەتەوەی کورد بێت؟

ئایا جوڵانەوەیەکی سیاسیی بەهێز لەئارادا هەبووە، داوای دەوڵەتی نەتەوەیی بکاتو چینی مام ناوەندی شاری (بۆرجوازی ـ Bourgeoisie) توانیویەتی چینو توێژەکانی تر لەژێر ئاڵای خۆیدا کۆ بکاتەوەو داوای نەتەوەیی پێشکەش بکات؟

ئایا ئەحمەدی خانی پێش ڕەشەباو گەردەلوولی فیکری سەردەمی خۆی کەوتووەو بەسەر دوو سەدەدا قەڵەمبازی داوەو لەبایەزیدی سەدەی (١٧)ەوە، کوردستانی سەدەی بیستەمی پێشبینی کردووە؟

نووسینەکانی ئەو، بەشێکە لەسامانو بیرو هزری کۆتایی سەدەی (١٧)، یان ئەو بۆ ڕۆحو عەقڵی سەدەی بیستو یەك نووسیویەتی؟

بیری خانی لەتەنگژەو گێژاودا بووە، یان ئێمە لەناوەڕاستی قەیرانو شڵپو هووڕی شەپۆلانی دەریایەکی توورەدا، بەدەوری خۆماندا دەسووڕێینەوە؟

ئێمە بۆچوونو تێگەیشتنو جیهانبینیی خانی، لەدیوی دەرەوە دەبینین، یان لەدیوی ناوەوە دەبینین؟

ئایا دەبێ بەپێوەرو تێگەیشتنو تەرازووی سیاسییو تیۆری جیاجیای ئەم سەردەمە، شاکارەکەی خانی هەڵبسەنگێنینو لەپێناسەو چەمکەکانی (terminology)، (Term) ئینگلیزی یان (Begriff) ئەڵەمانی تێبگەین، یان دەبێ بۆ کۆتایی سەدەی (١٧) بگەڕێینەوەو بەچاوی ژیانو کولتووری شاری (بایەزید)ی سەدەی (١٧) سەیری بەرهەمەکانی خانی بکەین؟

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە (میتۆد)**

زۆرجار جێگای داخو کەسەرە، کە زۆربەی ئەو کارانەی لەسەر (مەمو زین)[1]ی ئەحمەدی خانی نووسراون، شیکردنەوەو لێکدانەوەی تێکستەکانە، کە گرنگیی خۆیان هەیە، یان لەبەر ڕووناکی هەندێ چەمكو بیرو ئایدۆلۆجیای ئەمڕۆ، لەسەر شاکارەکەی خانی نووسراوە. ئەم میتۆدە نەیتوانیوە لەئاست لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی جیددا بێت. دیارە بەرهەمی ئەدەبی لەژینگەی کۆمەڵایەتیو سیاسییو ئابووریدا لەدایك دەبێت. ژیاننامەو باری دەروونی بۆ چرکەی نووسین زۆر گرنگە. نووسەرو ڕووناکبیرانی ئێمە بەرهەمو کۆنتێکستی ـ Context کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سیاسییان لەیەك جیاکردۆتەوەو دابڕیوە. تەنیا گۆشەنیگایان لەسەر (مەعنای حەرفی) بەیتەکان بووە، لەگەڵ پشتگوێخستنی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیو سیاسییو باری دەروونی.

من لێرەدا، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستمدا بوونو شارەزایی خۆم، هەوڵمداوە سوود لەژیاننامەو سەرچاوە ڕووناکبیریو باری سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە وەربگرم.

**کورتەی ژیاننامەی خانی**

بۆ تێگەیشتنی بیرو هزرو ئاوەزی خانی، کە لە (مەمو زین)دا بەرچاو دەکەوێت، ئێمە دەبێ چاوێك بەژیاننامەی خانیدا بگێڕین:

**ساڵو شوێنی لەدایك بوون:**

١. ئەحمەدی خانی ساڵی ١٦٥٠ز (١٠٦١ك) لەبایەزید، کە پایتەختی میرنشین بووە، لەدایك بووە. لەکۆتایی (مەمو زین)دا، بەم بەیتەی خوارەوە ئاماژەی بۆ ساڵی لەدایکبوونی خۆی کردووە:

**لەورا کو دەما ژ غەیبێ فەک بوو**

**تاریخ هەزارو شیستو یەک بوو**[٢]

**بنەماڵەو باپیران**

٢. نازناوی خانی، لەگوندی (خان)ەوە وەرگیراوە، کە دەکەوێتە دەشتی خان (دەشتا خان) کە سەر بەناوچەی هەکارییەو ئێستا سەر بەقەزای (جۆلەمێرگ)ەو لەسنووری عیراق ـ تورکیاوە نزیکە. (میر حەسەنی خانی): یەکەمین کەسی ناسراوە، کە نازناوی (خانی)ی پێوە بێت. ئەم میرە، قەڵای (زیریناك) ئاوەدان دەکاتەوە، کە ناوچەکە، هەمووی لەسنووری دەسەڵاتی میرنشینی هەکاریدا بووە. پاش میر حەسەن، میر سلێمانی کوڕی جێگەی بابی دەگرێتەوە. پاش مەرگی ئەویش عەبدولڕەزاق دەبێتە میر. پاش عەبدولڕەزاق، عەبدولڕەحمانی کوڕی دەبێتە میر. ئەم میرە، بەشێخ عەبدولڕەحمانی گەورە ناوی ڕۆیشتووە. لەسەردەمی ئەم میرەدا، شا

توهماسوب (٩٣٠ ـ ٩٨٤ك) پەلاماری ناوچەکە دەداتو داگیری دەکات. شێخ بەخاوو خێزانەوە بەرەو ناوچەی بایەزید هەڵدێتو عەشیرەتی (مەحموودی) داڵدەی دەدات. شێخ عەبدولرەحمانی گەورە بەپلەی قازی قەڵای (دۆزە سۆر ـ قەڵای سوور) دادەنرێت تا لەساڵی ١٥٣٤ز (٩٤٠ك) کۆچی دوایی دەکات.

میر رۆستەمی کوڕی ماوەیەك بەمیری (دۆزە سۆر) دادەنرێت. پاش ماوەیەك دەست لەکاردەکێشێتەوەو رووددەکاتە شاری بایەزید. میرانی بایەزید بەگەرمی پێشوازیی لێ دەکەنو جێگەو رێگەی حەوانەوەو مانەوەی بۆ فەراهەم دەکەن.

دوای نەمانی میر رۆستەم، ئەیاز (عیاض)ی کوڕی، کە خراوەتە بەر خوێندنی دینیو بەمەلا ئەیاز ناو دەردەکات. ئەم مەلا ئەیازە باپیرەی ئەحمەدی خانییە[٣].

### باوکی خانی

ئەلیاس کوڕی مەلا ئەیازەو باوکی ئەحمەدی خانییە. ئەلیاس مامۆستاو زاناو نووسەر بووە. بەگوێرەی سەرچاوە عوسمانییەکان، ئەلیاس بەگ ساڵی ١٦٢٦ز (١٠٣٦ك) لەقوتابخانەی (سنانی) لەبایەزید، بەمامۆستا دادەنرێت. پاش (١٨) ساڵ فەرمانی بۆ دەردەچێتو لەدیوانی (ئینشا) بەپلەی (مونشی) ساڵی ١٦٤٤ز (١٠٥٤ك) دادەمەزرێت[٤].

ئەلیاس ساڵی ١٦٥٥ز (١٠٦٥ك) چیرۆکێك (قصه شمعون) دەنووسێت. بەڵگەنامەیەکی تر بەدەستەوەیە، کە ساڵی ١٦٥٦ز کۆچی دوایی کردووە. واتە: کاتێك ئەلیاس دەمرێت ئەحمەدی کوڕی تەمەنی نزیکەی (٥) ساڵ بووە.

### گوڵنیگارو قاسم

دایکی ئەحمەدی خانی ناوی (گوڵنیگار)ەو کچی قەرەخان کوڕی میری بایەزید بووە. واتە: خانی پوورزای باوکی میر محەمەد بووە. میر محەمەد ساڵی ١٦٨١ز (١٠٩١ك) کۆچی دوایی کردووەو خانی بەوشەو شیعر فرمێسکێکی زۆری بەسەردا هەڵوەراندووە. پاش مەرگی باوکی، قاسمی برای زاوای میر محەمەد بووەو ساڵی ١٦٦٢ز بە (مونشی) دانراوەو هەمان ساڵیش دەرکراوە. قاسم، لەسۆنگەی خزمایەتی لەگەڵ میردا، زۆر دەستی خستۆتە کاروباری میرەوەو بۆژووی کردووە، ئەویش ناچار بووە دووری بخاتەوە. لەبری قاسم، بن ئامۆزاو زاوایەکی (یوسف کوڕی یوسف کوڕی ئەیازی خانی) لەجێگەکەی دادەنرێت. ئەمیش تا ساڵی ١٦٧٠ز ئەو کارەی پێدەسپێردرێت تا خەڵك داوای لادانی دەکەنو میریش قسەیان ناشکێنێت. ئەحمەدی خانی لەساڵی ١٦٧١ز لەجێگەی یوسف دادەنرێتو تەمەنی ئەو کاتە تەنیا (٢٠) ساڵ، یان (٢١) ساڵ بووە.

### تەمەنی مناڵیو لەدەستدانی باوك

پاش دوورخستنەوەی قاسم لەدەرباری میر، ماڵ دەگوێزێتەوە بۆ (دۆزە سۆر)و تا دوا رۆژەکانی ژیانی لەوێ دەمێنێتەوە. ساڵی ١٦٧٣ز (١٠٨٣ك) لەوێ کۆچی دوایی دەکات[٥].

لەوە دەچێت کاتێك قاسم لە (بایەزید) دەڕوات، خانی خۆیو دایکی لەماڵە خاڵوان، یان لەسێبەری ئەواندا مابێتەوە. هەر لەوێ خوێندن تەواو دەکاتو کاری چنگ دەکەوێت. لەدەستدانی باوك، لەتەمەنی پێنج ساڵاندا، کاریگەریی خۆی لەسەر شاعیر جێدەهێڵێت. گەڕانەوەی باوك، یان گێڕانەوەی باوك[٦]، ئەگەر لای مناڵ وەکو (مستحیل) دەرکەوێت، رەنگە ئەو مناڵە خۆی دەوری باوك ببینێت، یان بەدوای ئەلتەرناتیڤدا بگەرێت. رەدوونەکەوتنی کاکیو مانەوە لەگەڵ دایکیدا، دەتوانرێت بەتێگەیشتنی فرۆیدیانە شیبکرێتەوە. کاکی جێگری

باوكی بووە، لەدەسەڵاتی ناوخێزانو دەرباری میر. مانەوە لەبایەزید، لەناو گەورە پیاوانو لەسێبەری خاڵواندا، ئەگەر خۆی بڕیارەكەی دابێت (١٢ ساڵ) یان دایكو خاڵ، پێشزاری (وصایە ـ Vormundschaft) [٧]یان بۆ كردبێت، ڕێك لەناخەوە بەگوێرەی حەزو ئارەزووی شاراوەو نەدركێنراوی ئەو بووە.

بەچواردە ساڵی، سەرەتا سەردەمی هەرزەكاری، لەبری یاریو ڕابواردن لەگەڵ هەرزەكاراندا، لەبری چاوبڕكێو تەشقەڵە گێڕان بەكیژان، خانی دەست بەشیعر نووسین دەكات:

**خەطئ تەیە سەرنوشتو سەر مەشق**
**سە سالە خەطئ خەطا دەكەت مەشق**

**لەورا كو دەما ژ غەیبێ فەك بوو**
**تاریخ هەزارو شیستو یەك بوو**

**ئیسالە گهشتە چلو چاران**
**وی پێشرەوێ گوناهكاران**[٨]

تاریخی (١٠٦١ك) بەرامبەر (١٦٥٠ز)، تا دەگاتە ساڵی ١٦٩٤ز ساڵی نووسینی (مەمو زین)ە. ئەو كاتە تەمەنی چلو چوار ساڵ بوو. دەڵێ: ئەمە سی (٣٠) ساڵە دەستم بەنووسین كردووە. واتە: لەچواردە ساڵییەوە دەستی داوەتە قەڵەمو قاقەزو هۆنینەوەی شیعر.

داننان بەماوەی شیعر نووسین، جۆرێكە لەشانازی كردنو بەخۆنازین. لەڕووی دەروونناسییەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ویستویەتی ڕۆڵی (باوك) ببینێت. باوك، نووسەری دەربار بووە (مونشی)، ئیدی ئەمیش، بەوردیو بەپلان كاری بۆ ئەوە كردووە، بەزووترین كات سەرنجی میرو پیاوانی دەربار ڕابكێشێت، كوڕە بچووك لەجێگەی باب دانرێت، پاش ئەوەی برا گەورە (قاسم)، لەبەر نەزانینی ئەتەكێت، یان خۆبەزلزانین، یان لەبنهۆشە خۆی زۆر لەمیر محەمەد بەگەورەتر داناوە، ئیدی بەشێوەیەك ئامۆژگاریی كردووەو بەسەریدا هاتووە، میر هەستی بەنەگونجانو نەشیاوی دەوری كوڕی مونشی پێشوو، زاوا، لەناو دەرباردا كردووەو ناچار بووە (ئیزن)ی بداتو دڵی خۆیو كچەكەی بشكێنێت.




ئەزموونی تێكشكانی مەلا قاسم بۆ ئەحمەدی برای پەندو وانەی لێ هەڵهێنجراوە. دیارە پێشتر لەناو خێزانیشدا، نەیتوانیوە دڵی دایكیو برا بچووكەكەی بەلای خۆیدا ڕابكێشێت. دەوری خانی (١٢ ساڵ) بەرامبەر دایكو دوو خوشكو برایەكی بچووكتر، دەوری هەرزەكارو مێردمناڵێكی هەست بەبەرپرسیارێتی نەكەر نەبووە. ئەو، لەناو خێزانەكەیدا، بەناچاری ڕۆڵی باوكایەتیی گێڕاوەو هەوڵی داوە وەكو پیاو بناسرێت. لێرەدا دەتوانرێت لەنێوان خانیو نیتشەدا[٩]، بەراوردێكی سەرپێیو خێرا بكرێت. كاتێك نیتشە باوكی لەدەست دەدات، تەمەنی چوار پێنج ساڵان دەبێت: دایكێكو چەند خوشكێكی گەورە. ئەم وەكو تاقە نێرینەی ناو ماڵ دەبینین، ئەویش ناچار دەبێت خۆی بەباوك بزانێتو وەكو گەورەو

دەمراستی ناو خێزان هەڵسوکەوت بکات. نیتشە لەحەوت هەشتساڵییەوە دەست بەنووسینی بیرەوەری دەکات. هەرکەسێك نووسینەکانی ئەو کاتەی بخوێنێتەوە، رەنگە پێی وابێت پیرەمێردێکی بەساڵاچوو، ئەو تێکستانەی نووسیبێت.

هەموو کەس ناتوانێ ببێتە (مونشی)، بەتایبەتی (مونشی)[10]یەکی سەرکەوتوو! وەرگرتنی پلەی (مونشی) کارێکی سەختو زەحمەتەو بەهەموو کەس ناکرێت. (مونشی) دەبێت بەرەوانی سێ زمان بزانێت: عەرەبیو عوسمانیو فارسی. لەتەکنیکی دارشتنو نامە هۆنینەوەو وەلامدانەوەی نووسراوە فەرمیو گەورە پیاوانی دەوڵەت، دەبێ ئەو کەسە ئەوپەری لێزانو شارەزاو کارامە بێت. سەرباری ئەمانە، دەبێ پێشەکی مەلای دوانزە عیلم بێت!

گەنجێکی (٢٠) ساڵان، پۆستێکی ئەوتۆی پێدەسپێردرێتو بەسەرکەوتوویی ئەرکەکانی خۆی ئەنجام دەدات. ئەمە بەڵگەی لێوەشاوەییو زاناییو پسپۆرییە، نەك کاری رێکەوت! ئەو بەرچاوی روونبووەو ئاگاداری هەموو وردەکاریو دابو دەستوورو هەڵسوکەوتی ناو دەربار بووە. ئەحمەدی برا ناوەنجی، ئەزموونی سوێرو تاڵی مەلا قاسمی برا گەورەی لەبەرچاو بووە، کە بۆتە قوربانی تێنەگەیشتنی خۆی، لەداوە جاڵجاڵۆکەی ناو دەربار. راگرتنی هاوسەنگی، وەکو یاریکەرێکی ئەکرۆپاتیك، لەکاتی رێکردن بەسەر پەتێکی باریکدا. برا گەورە بۆتە قوربانیی دەمنەوەستانو زماننەگرتنو هەڵەشەییو لاساری. برا ناوەنجی دەبێ ببێتە زانای بواری دەربرینو دارشتنو رەوانبێژی. مەلا قاسم، زاوای میر، ماف بەخۆی دەدات راستو رەوان رەخنە ئاژنی میر بکاتو جەخت لەسەر دادپەروەریو عەدالەت بکات. برای ناوەنجی، ئەدەبو رەوانبێژی دەکاتە چەترو لەبن باران ناوەستێت.

دیارە خانی، پێش ئەوەی ببێتە (٢٠) ساڵ، توانیویەتی بەزاناییو زیرەکیو قورسو گرانی، لەناوەندە کۆمەلایەتییەکاندا، ناوو ناوبانگ دەربکات. ئەو، تا بیست ساڵان بەهەڵەشەییو هەرزەکاریو سەرەرۆیی، خۆی بەکۆمەڵ پێناسە نەکردووە. ئیدی چەند رۆژێك پێش پۆست وەرگرتنەکەی وەرچەرخانی بنەرەتی لەرەوشتو ئاکارو بیرکردنەوەیدا رووی دابێت! بەپێچەوانەوە بۆ گەنجێك هەر زۆر قورس بووە، لەتاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن دەربچێتو بەگوێرەی دڵی سەرانی چینی فەرمانرەوا بێت.

بەڵگەنامەکان ئەوە دەردەخەن، شاعیر بەلای کەمەوە، لەسەردەمی دەسەلاتی سێ میردا، (مونشی) بووە: میر محەمەد، عەبدی کوری میر محەمەد، میرزای کوری عەبدی. گوتمان میر محەمەد ساڵی ١٦٨١ز ماڵئاوایی کردووە. میر عەبدی ساڵی ١٦٩٦ز مردووە[11]. میر میرزای بایەزیدی، دیارە پێش مەرگی باوکی، فەرمانرەوایی پێ سپێردراوە. چونکە (مەمو زین) لەساڵی ١٦٩٤ز نووسراوەو ئەوکاتە میرزا، میری بایەزید بووە.

ئەو لە (مەمو زین)دا دەنووسێت:

**لێ حاکمێ وەقتێ مەعرفتناک**

**مەسمووع نەکر ب سەمعێ ئدراک**

**میرێ کو ب ناڤێ میرزایە**

**مەحظا نەظەرا وی کیمیایە[12]**

بێگومان بەشێك لەئاماژەی نەبینراوی شاکارەکە، بەراستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ پەیوەندیی بە (حاکمێ وەقت)ەوە هەیە (میرێ کو ب ناڤێ میرزایە) شاعیر پەیامێکی هەبووە، بەرێکەوت، بەبێ مەبەست، ئەم بەرهەمەی نەنووسیوە!

مانەوەی خانی لەیەك پۆستدا، لەسەردەمی سێ فەرمانرەوا، کە هەر یەکە سروشتێكو هەر یەکە تێگەیشتنو شێوازو خوویەکی هەبووە، ئەم لەماوەی پتر لە (٢٤) ساڵ (١٦٧٠ز ـ ١٦٩٤ز) لەگەڵ باپیرەو کورو کورەزادا، کاری کردووە. لەگەڵ هەموویاندا خۆی گونجاندووەو نەیهێشتووە دڵی کەس گەرد بگرێت. ئەمە بەڵگەی

کارامەیی‌و بەهرەمەندییە، لەخوێندنەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و کارەکتەری کەسانی دەستڕۆیشتووی ناو دەربارو کەسانی دەستنەڕۆیشتووی ناو کۆمەڵ.

**مۆتیف‌و هاندەری دەروونی**

بۆ خانی (مەم‌و زین) دەنووسێت؟ ئەو تەنیا هەست بەداگیرکراوی‌و ژێردەستیی گەلەکەی دەکات، یان بروسکەیەکی دەروونی، بەرچاوی روون دەکاتەوەو ئاسۆیەکی بەرفراوان لەبەردەمیدا بەرجەستە دەبێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی سەرەوە، ئێمە دەبێ بزانین کەی خانی (مەم‌و زین)ی نووسیوەو هەلومەرجی ژینگەی دەربار بە چ شێوەیەك بووەو لەڕووی دەروونییەوە، شاعیر هەستی بەچەند جۆرە گوشارو پاڵەپەستۆ کردووە؟

شاعیر خۆی بەڕاشکاوی دەنووسێت: لەسەردەمی میر میرزاو لەتەمەنی چل‌و چوار ساڵیدا (رۆمیۆ‌و جۆلێت)ی کوردیی نوسیووە. بێگومان یەکێکی وەکو خانی دەیتوانی لەتەمەنی (٢٥) ساڵی، یان (٣٥) ساڵی داستانێکی شیعریی بنووسێت! بەڵام بۆ پێش ١٦٩٤ز بیری لەنووسینی ئەو پرۆژەیە نەکردۆتەوەو کارەکە لەسەرەتای دەسەڵاتی میرزادا کراوە؟

ئایا مۆتیڤی (مەم‌و زین) ئەزموونێکی جیاوازە لەگەڵ میرێکی لاودا، گوشارو پاڵەپەستۆیە، کە شاعیری بەتەمەن، لەناوتان‌و پۆی واقیعی نوێدا، نەیویستووە دەم بخاتە دەم میرێکی کەم ئەزموونەوە، هەرچی جۆش‌و خرۆشی خەفەکراو هەیە بۆ سەر لاپەڕەی دەستنووسی داستانێکی شیعری دزەی کردووە، یان تەنیا کار کاری رێکەوتە؟

ئەو، ئەزموونی مەلا قاسمی برای لەبەرچاو گرتووە، کە بۆتە قوربانی ئۆپۆزسیۆنی ماوە کورتی ناو دەربارو نەیتوانیوە بایی ئەوە (ئۆپۆزسیۆن) بێت، نانبڕاو نەکرێت‌و کارو پەلەکەی لەدەست نەدات. بۆیە خانی راستەوخۆ نەیویستووە شەڕێکی دۆڕاو بکات‌و تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتوو دووبارە بکاتەوە.

ئەو لەگەڵ میر محەمەدو میر عەبدی کوڕی خۆی گونجاندووەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەواندا نەبووە، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تیرو توانجی شاراوە لە (مەم‌و زین) یان شیعرێکی تر بەرچاو ناکەوێت. میر محەمەد، کە لەساڵی ١٦٧١ لەدەربارەکەی خۆیدا خانی دامەزراندووە تا ساڵی ١٦٨١ ئەو ساڵەی میر کۆچی دوایی کردووە، شاعیر لەسەر کارەکەی خۆی ماوەتەوە. واتە: دیارە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا رووی نەداوە، ئەگینا چارەنووسی برای ناوەنجی لەبرا گەورە باشتر نەدەبوو!

لەوەدەچێ میر محەمەد، لەوکاتەی خانی دامەزراندووە واتە: دەوروبەری ساڵی ١٦٧١ز تەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵێك بووبێت، بەدەلیلی ئەوەی ساڵی ١٦٧٠ز عەبدولفەتاح (عبدالفتاح)ی کوڕەزای دەکاتە حاکمی ناوچەی سیرەت[١٣]. پیاوێك لەتەمەنێکدا بێت، کوڕەزاکەی بکاتە حاکم، قۆناغی گەنجایەتیی جێهێشتووەو لەپاییزی تەمەندا بووە.

دوورنییە شاعیری گەورەمان، لەتەمەنی میردمناڵی‌و گەنجایەتیدا، میر محەمەدی لەجێگەی باوکدا بەرجەستە نەکردبێت. بەهەمان شێوە، رەنگە دۆستایەتی‌و خزمایەتیی نێوان میر محەمەدو مەلا ئەلیاس، لەئاستێکدا بووبێت، شاعیری گەنجی بەکوڕ، یان کوڕەزا دانەنابێت. جیاوازیی تەمەن، رێزی نێوان دوو کەس، ملکەچیی بچووك بەرامبەر بەگەورە، پەیوەندییەکەو برواپێبوونەکە دەگۆڕێت. خانی گەنجێکی گوێڕایەڵ‌و وریا بووەو کارەکانی میری بەجوانی راپەڕاندووەو سەرئێشەی بۆ نەناوەتەوە. میر محەمەد پیاوێکی (پەتریارخ ـ Patriarch)[١٤] بووە، بەهۆی تەمەن‌و بەهۆی پلەی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی. بۆیە لای ئاسایی بووە بەچاوی باوکایەتییەوە سەیری نووسەری دەربارو میرنشین (مونشی) بکات. ئەم تێڕوانین‌و یەکتربینینە، یارمەتیی شاعیری داوە بێدەنگی هەڵبژێرێت، نەك قەڵەم‌و زمانی ئۆپۆزسیۆن بخاتەگەڕو ژیانی ئاوارەیی‌و دەربەدەری هەڵبژێرێت.

پەیوەندیی نێوان شاعیرو میر عەبدی کوڕی میر محەمەد، گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئەویش وەکو باوکێ دڵی ڕاگرتووەو نەیهێشتووە نووسەری دەربار (مونشی) بێزاری پێوە دیار بێت. ئێمە لەلایەکی ترەوە ئەو ڕاستییە دەزانین ساڵی ١٦٨٦ز خانی لەبایەزید مزگەوتو قوتابخانەیەکی دروست کردووە، کە تا ئەمڕۆش پارێزراوە.

ئەوکاتە شاعیر تەمەنی ٣٦ ساڵ بووە، کاتێك مزگەوتو قوتابخانەکەی تەواو کراوە. یەکێك خەمی مزگەوتو قوتابخانە دروستکردنی هەیە، کە لەڕووی داراییەوە هیچ کێشەیەکی نەبێت: زۆرجار میرێك، بەئاستەم لەتوانایدا هەبووە بینای مزگەوتێکی بۆ بەرز بکەنەوە، بەڵام شاعیرێکی لاو ئەو ئەرکە داراییە قورسە لەئەستۆ دەگرێتو ناوی خوای لـێ دەهێنێت!

خانی لەچەند بەیتێکدا، هەر زۆر بەوردی باسی پوولو پارە دەکات. باسی کڕینو فرۆشتنو بازرگانی دەکات. لەلایەکی ترەوە پارەکەی بۆ پڕۆژەی شوێنی نوێژو شوێنی فێربوون تەرخان دەکات. کەواتە: ئەو تارادەیەك، بەوردی ئاگای لە (جیهانی پوولو دراو) بووەو ئاگای لەناو جیهانی کارو کەسابەت بووە:

**چ بکم کو قەوی کەسادە بازار**
**نینن ژ قوماش را خەریدار**

لێرەدا دیارە مەبەستی ئەوەنییە بازاڕی ئاسایی تووشی تەنگژەو قەیران هاتووە، بەڵکو بازاڕی بیرو هزر تووشی قەیرانو گێژاو هاتووە. ئێستاش زۆر شاعیری دەستو پێ سپی هەن، کە ئاگایان لەژیانی ناو بازاڕ نییە. ئەم بەیتەی خانی، لەلایەکەوە بەڵگەیە لەسەر دروستبوونی بازاڕێك یاسای داخوازیو خستنەڕوو، تێیدا باڵادەستە، لەلایەکی ترەوە، بەهۆی پیشەکەیەوە بێت، یان لەئەنجامی جۆرێك لەجۆرەکانی پەیوەندی، وەکو (خوو)یەك، ئاگای لەنهێنییەکانی جیهانی بازاڕ بووە:

**یەعنی ژ تەمەع، دراڤو دینار**
**هەریەک ژ مە را وە بوونە دلدار**[١٥]

دڵداریکردن لەگەڵ پارەو دراودا، ئەمەش جۆرێکی ترە لەپەیوەندیی نێوان دوو کەس، هەریەکە لەڕوانگەی دراویەوە دەڕوانێتە ئەوی تر. یەکێك لەپێشەکیی داستانێکی شیعری دڵداریدا، پێش پتر لەسێ سەد ساڵ، ئەم بەیتە بنووسێت، چەمکی ئەڤینو خۆشەویستی، دەبێ لای شاعیر، ئەو چەمکە کلاسیکیە نەبێت، کە ئێمە لای کوردیو نالی دەبینین.

مەبەستی من ئەوەیە بنووسم، شاعیر توانای دارایی خۆی هەبووەو ئاگاداری دونیای ئابووریی پایتەخت بووە. دیارە ئەمە هۆیەك بووە لەهۆکان، کە ئەو هەمان ڕێگای ڕەخنەگریی برا گەورەکەی نەگرتۆتەبەر بێدەنگی هەڵبژاردووە. سروشتی مرۆڤ بەگشتی وایە، هەر سەرچاوەی پوولو پارە کەوتە کزی، ئەو کەسە لەڕاستڕەوییەوە بۆ چەپڕەوی دەگوێزێتەوە!

من بەدووری نازانم لەسەردەمی میر میرزادا، گەر وێنەو هاوکێشەی پەیوەندیی نێوان شاعیرو دەربار، بەجۆرێك نەگۆڕابێت، شاعیر لەلایەن میری لاوەوە، دڵی ڕانەگیرابێت. خانی لەسەردەمی میری نوێدا تەمەنی چلو چوار ساڵ بووەو پیاوێکی کامڵو پێگەیشتوو بووە. میر میرزا، گەنجو کەم ئەزموونو تاقیکردنەوە بووە. شاعیر چاوەڕوان بووە، میر لەسەر ڕێبازی باوباپیران بڕواتو هیچ گۆڕانێك ڕوونەدات. بەڵام چاوەڕوانی ئەحمەدی خانی لەجێگەی خۆیدا نەبووە. ئەو، خۆی لەئاستی (نظامی گەنجەوی)و (جامی) داناوەو هیچ عەیبەیەکی لەخۆیدا بەدی نەکردووە تا میری نوێ ڕێزی وەکو جاری جاران لـێ نەگرێت.

میر میرزا، بەچاوی ڕێزەوە سەیری (نظامی کوردی) یان (جامی کوردی) نەکردووە. میری لاو، بەگیانی

لەخۆباییبوونو رۆح زلییەوە سەیری دەوروبەری خۆی کردووە: ئامادە نەبووە کەڵە شاعیرانی جیهانی ئەدەبی ئێرانی بە (مەیتەر) یان (نۆکەر) رابگرێت.

واتە: هەستو سۆزی باوکایەتی (پەتریارخ)و دەست بەسەرداهێنانو نزیککردنەوەو هەڵرشتنی پاداشتو بڕواپێبوون، کە لەلایەن شاعیرەوە بەگەرمی چاوەڕوانکراوە، میر، بەهۆی تەمەنو سروشتی گەنجایەتیو بەخۆدانازینو بەهیچ دانانی ریشسپێتیی نەوەی پێشوو، پوازی جودایی رۆحی، لەنێوان هەردووکیاندا چەقاندووە.

شاعیر، لەناخەوە، بۆتە ئۆپۆزسیۆن، بەبێ ئەوەی بتوانێت ئاڵای یاخیبوونو چوونە شاخ بەرز بکاتەوە. لەدڵەوە قاچێکی لەناو بازنەی ئۆپۆزسیۆن بووەو قاچەکەی تری لەناو بازنەی دەربار.

**بیری سیاسییو بیری ناسیۆنالیستی**

دەربارەی بیری سیاسیی خانی، لەناو وڵاتو لەدوور وڵات، دانوستاندنو گفتوگۆیەکی چڕو پڕو بەردەوام هەیە. بەشێك لەنووسەرو مێژوونووسان، بەپشتبەستن بەهەندێ تیۆری سیاسییو هەندێ جار بەبێ پشتبەستن بەچوارچێوەو لێکدانەوەی تیۆریی هەر یەکسەر خانی لەبازنەی پێشڕەوانی بیری نەتەوەیی دادەنێنو دیباجەکەی (مەمو زین) دەکەنە بەڵگەی بیروبۆچوونیان.

ژمارەیەك رۆژهەڵاتناسو کوردناس هەیە، لەسەر بنەمای زانیاریی تیۆری سیاسییو بەراوردکاری، خانی بەمرۆڤێکی خاوەن بیرو هزر دادەنێنو پێیانوایە ئەو یەکێکە لەباوکەکانی بیری نەتەوەیی، بەڵام ئاوەڵناوی (مەمو زین) ببەستنو هەندێ بەیتو دەستەواژە بەبەڵگەی بۆچوونو تێگەیشتنیان.

کاتیگۆری ناسیۆن: ئەو کەسانەی ئەحمەدی خانیان بەباوکە گەورەی بیری نەتەوەیی داناوە، هەر یەکجار زۆرن. لێدوان لەسەر بیرو بۆچوونو تێگەیشتنی یەك بەیەکی ئەو نووسەرانە، کە (مەمو زین) یان بەسەر کردۆتەوە، کتێبێکی سەربەخۆی دەوێ. یەکەمین چاوگێڕان بەم شاکارەدا، هەر یەکسەر هەڵمو هاڵاوێکت بەرچاو دەکەوێت، کە رەنگە بەشێك لەنووسەرە ناسیۆنالیستەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بەو شێوەیەیان نەنووسیبێت. دیباجەکەی (مەمو زین) بەیت بەبەیت، بەڵگەو پاساوی بیری ناسیۆنالیستیی خانییە: ئەو داوای یەکگرتنەوەو یەکێتیی کوردانی کردووە، پێویستی خۆ رزگارکردنی نیشتمانی لەدەست داگیرکەرانو... تاد.

خوێندنەوەیەکی خێرای نووسینەکانی د. عیزەدین مستەفا رەسول[١٦]و جەمال نەبەز[١٧]و محەمەدی مەلا کەریم[١٨]و... تاد. هەر یەکسەر (کاتیگۆری ناسیۆنالیزم) بەرچاو دەکەوێت، کە بۆ بیری ئەحمەدی خانی دانراوە.

کاتیگۆری بیری سیاسیی: ژمارەیەك نووسەری کوردو بیانی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە خانی مرۆڤێکی خاوەن بیرو ئارەزوو هزری سیاسیی بووە، بەڵام ناسیۆنالیست نەبووە. بێگومان ئەمانە پێناسەی خۆیان بۆ چەمکی (ناسیۆن ـ Nation) هەیەو بەگوێرەی تێگەیشتنو پێناسەی ئەوان ناتوانرێت بیری ئەحمەدی خانی، کە لەدیباجەکەی (مەمو زین)دا دارێژراوە، ناتوانرێت لەناو (کاتیگۆری ناسیۆنالیزم) دابنرێت.

لێرەدا من بۆچوونی دوو نووسەر وەکو نموونە دەهێنمەوە، کە لەسەر مەمو زینی ئەحمەدی خانییان نووسیوە:

یەکەم: مارتن ڤان براوینسن دەنووسێت:

((هەڵبەت، سەبەبی باش هەن، بۆ ئەوەی، ئەحمەدی خانی بەباوکە گەورەی ناسیۆنالیزمی کورد نێودێر بکرێ ـ و لەخوارەوە ئەمن نیشان دەدەم کارەکانی، بەتایبەتی مەمو زین چ دەورێکی گرنگی لەقۆناغە ناسکەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردا گێڕاوە. بەڵام داخودا ئەوە پاساوی ئەو (قسەیە) دەدا کە خانی بۆ خۆی وەك ناسیۆنالیستێکی کورد نێودێر بکرێ. ئەمن لەو بڕوایەدا نیم، پێشم وایە ئێمە ناتوانین بەپشتبەستن بەیەك دوو

دێری بەنێوبانگی نێو مەم‌و زین بگەینە ئەو ئاکامەو بڵێین خانی بیری لەدەوڵەتێکی کوردی کردۆتەوە.

ئەوە راستە کە ئەحمەدی خانی وشیارییەکی زۆری سەبارەت بەهەوێتی کوردی خۆی هەبوو و شانازیی پێوە دەکرد، ئەوەش راستە کە ئەو چالاکیی ئەدەبیی خۆی بەخزمەتێك بەکوردان دادەنا. لەسەدەکانی پێشتر لەو. شاعیران‌و زانایانی کورد بەگشتی (بیروڕای) خۆیان بەفارسی یان عەرەبی دەردەبڕی)).

((ئەوە ئێمە دەگەیەنێتە گۆیا ناسیۆنالیزمی خانی. هەندێك برگەی دیباجە (سەرەتا)ی مەم‌و زین بێ سێودوو زرینگەی نوێیاوبوونی لێوە دێ، وەك ئەوەی بڵێی ئەو قسانە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانی بەرایی سەدەی بیستەمەوە کرابن تا ئەوەی کە قسەی سێ سەدە لەوە پێشتر بن. وەك ئەوە وایە کە بڵێی خانی داوای دەوڵەتێکی نەتەوایەتیی کوردی دەکا. لەراستیشدا، ئەمن بۆ خۆم بۆ ماوەیەك پێموابوو ئەوانە لەلایەن نووسەرەوەکەوە زۆر دواتر لەنووسراوەکەی خانی ترنجێندراون، چونکە ئەوان لەبەر گوێی من زۆر تازە بوون)).

لەخوارەوە مارتن ڤان براوینسن بەوردی لەسەر پێناسەی دەوڵەتی کلاسیکی دەڕوات: ((وەسوەسەی ئەوە دەکەوێتە بیری مرۆڤ کە ئەو قسانەی وەك سکاڵای کوردێك بخوێنێتەوە کە بیر لەوە دەکاتەوە بۆچی گەلەکەی چ دەوڵەتی نییە لەکاتێکدا گەلانی دیکە، تورکەکان، عەرەبەکان‌و فارسەکان هەیانە. لەم جۆرە تێخوێندنەوەیە دوو گیروگرفت راست دەبنەوە. بەپێی سەرچاوەکانی دیکەی ئەو سەروبەندی ئێمە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دەمی خەڵك بەگشتی خۆیان بەگرووپی ئێتنیکی یان نەتەوە پێناسە نەدەکرد، بەو شێوەیەی کە خەڵك لەم رۆژگارەدا دەیکەن. رۆم، عەرەب‌و عەجەمی ئەحمەدی خانی گرووپی ئێتنیکی خاوەن دەوڵەت (بەدەوڵەت) نین. رۆم لەبناوانەوە ئیمپراتۆری رۆم بوو و دواتر بەشی رۆژهەڵاتی واتە بیزانتیۆم، پاشان ئەم نێوە بۆ جێنشینەکانی دەکارکرا، دەوڵەتەکانی سەلجووقی‌و عوسمانی‌و ئێستا جار جار بۆ نێودێرکردنی کۆماری تورکیا بەکاردەهێنرێ ـ بەڵام ئەو نێوە قەت بۆ نێودێرکردنی تورکی ئاسایی دەکار نەکراوە. زاراوەی عەجەم لەلایەن عەرەبەکانەوە دەکار دەکرا بۆ بانگکردنی گشت ئەوانەی بەزمانی جوێ لەعەرەبی دەدوان، و لەزمانی تورکی عوسمانیدا تایبەتی بۆ نێودێرکردنی هەموو جۆرە ئێرانییەك دەکاردەکراو لەوانە تورکی ـ ئاخێوەرانیش. عەرەب‌و کورد (یان کرمانج، خانی هەردووکیان بەکاردەهێنێ) دەوڵەت نین، بەڵکو گرووپی ئینسانین، بەڵام ئەمن لەوە بەگومانم کە داخودا مەبەستی خانی بەوردی لەنێوهێنانی هەمان گەل بووە، کە لەم رۆژگارەدا ئێمە وەك نەتەوەی کوردی باس دەکەین. هەروەك ئەمن لەجێگەی دیکەشدا نووسیومە. زاراوەی کورد لەو زەمانیدا وێدەچێ تەنێ بۆ نێودێرکردنی عەشیرەتە کوردەکان‌و بەشێك لەدەستەی سەردەستی ئاریستۆکراتی شارنشین بەکارهاتبێ، بەڵام نەك بۆ جووتێرانی ـ نا ـ عەشیرەتی.

گیروگرفتی دووەم دەگەڕێتەوە سەر تەبیعەتی دەوڵەتان: ئەودەمی بیری دەوڵەتی نەتەوایەتی هێشتا دەرنەکەوتبوو، نە لەئاسیاو نە لەئەورووپا. چ دەوڵەتی تورکی، عەرەبی یان فارسی لەگۆڕێدا نەبوو، چ هەوڵێکیش نەدرابوو بۆ دامەزراندنی ئەوان. ئەو دەوڵەتانەی کە هەبوون لەسەر بنچینەی هەوێتی ئایینی یان پێناوداری‌و وەفاداری سەبارەت بەبنەماڵەیەکی پادشایی دامەزرابوون، وەك سلسلەی عوسمانی‌و سەفەوی، کە هەردووکیان تورك زمان بوون، بەڵام هیچکامیان هەوڵی نەدەدا بۆ راکێشانی هاوپێوەندیی ئیتنیکی تورکی. ئەو دەوڵەتانە فرە ئێتنیکی بوون، ئەگەر ئەحمەدی خانی بیری لەشێوەیەکی دەوڵەت کردبێتەوە ئەو پادشایەکی کوردی بەئاوات خواستووەو دەوڵەتەکەی ئەو بەهیچ کلۆجێ دەوڵەتێکی نەتەوایەتی نەبووە، بەڵکو دەوڵەتێکی فرە ئێتنیکی دیکەی لەبەرچاو بووە، کە تێیدا «رۆم‌و عەرەب‌و عەجەم تەمامی، حەمیان ژ مە را دکر غولامی».

ئەگەر لەناسیۆنالیزم، مەبەستمان ئەوەبێ وەك ئێرنێست گێلنر دەڵێ: ((ئەو پرنسیپە سیاسییەی کە تێیدا دەبێ یەکەی سیاسیی‌و یەکەی نەتەوایەتی لەگەڵ یەکتریدا جوربێنەوەو تەبابن)) ئەدەمی خانی نابێ بەناسیۆنالیست دابنرێ. ئەو بەدووبەرەکی کوردان پەشێو بوو و پێوەی دەناڵاندو لەوە بێزاربوو ئەوان دەنێو

خۆیاندا ناتەبان، بەچاو خانییەوە ئەو دووبەرەکیو بێ ئیتیفاقییە ببووە هۆی ئەوەی ئەوان وەك ژێردەستەی دەوڵەتە دراوسێیەکانیان بژین، وەگەر ئەوان لەنێو یەکتریدا یەك بایەن، لەوانەبوو بۆخۆیان زاڵ بووبان))[١٩].

پاش ئەوەی خانی لەسەر پێناسەی دەوڵەت دەنووسێت بەکورتی لەسەر چەمکی نەتەوە دەنووسێت. ئێمە لەبەر گرنگیی پێناسەکانو بۆئەوەی بۆچوونەکەی وەکو خۆی بگەیەنینە خوێنەری ئازیز پێمان باشە بەبێدەستکاری وەکو خۆی ئەو برگەیە بگوێزینەوە.

د. ئەمیری حەسەنپوور، لەهەمان بۆنەدا، لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت خانی پێشکەش دەکات. من تەنیا یەك برگەی وەکو خۆی پێشکەش دەکەم:

((بەبۆچوونی من بیروڕای خانی نە بیری ناسیۆنالیستییە (ئەو چەشنەی لەڕۆژئاوا دەستی پێ کرد)، نە نیشتمانپەروەریو چەشنی فیردەوسییە. من لەدوا بەشی ئەو زنجیرە نووسراوەدا، دەگەڕێمەوە سەر ئەو بابەتەو لێرەدا هەر بەکورتی ئیشارەیەکی پێدەکەم. لەلایەکەوە ڕێبازی خانی ناتوانێ ناسیۆنالیستی بێ، چونکە ناسیۆنالیزم وەك کۆڵەکەیەکی ئایدۆلۆژی چینی دەسمایەداری ئەوروپای ڕۆژئاوا سەری هەڵهێناو ئەو چینە لەکوردستانی سەردەمی خانیدا هێشتا نەهاتبووە گۆڕێ. خانی نوێنەری ئەدەبیو سیاسیی چینی دەرەبەگی دەسەڵاتدار (خانو حاکم)ی کوردستان بوو. لەسەردەمێکدا بۆرژوازی (چینی دەسمایەدار)ی ئەوروپا دەیەویست دەوڵەتی پاشایەتی (دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ) سەرنەخوون بکاو دەسەڵاتی چینی خۆی دابمەزرێنێ، خانی ئارەزووی دەکرد دەسەڵاتی چینی پاشایەتی دابمەزرێو کوردستانو وردە دەوڵەتەکانی لەژێر ئاڵای چینی دەرەبەگدا یەکبگرنو سەربەخۆبن. لەلایەکی ترەوە، خانی لەگەڵ ئەوەشدا کە نیشتمانو گەلەکەی خۆشدەویست، ڕێبازو بەرنامە سیاسییەکەی لەچوارچێوەی نیشتمانپەروەریدا جێی نابێتەوە. لەزەمانی فیردەوسیدا، دەوڵەتی ئێرانی (عەجەم) دامەزرابوو و فیردەوسی ئارەزووی دامەزراندنەوەی پاشایەتیەکی خەیاڵیو ئەفسانەیی کۆنی دەکرد. بەڵام خانی، کوردی وەك گەلێکی (مەحکووم)و (مەحرووم) چاولێدەکرد کە (هەتیو) بووەو لەبەر نەبوونی (جیهانپەنایەك) بۆ قازانجو بەرژەوەندی ڕۆمو عەجەم (لەخوێنی خۆیدا دەگەوزێ))[٢٠].

**سەرچاوەی بیرو باوەڕ**

ئەحمەدی خانی مرۆڤێکی هۆشیارو ڕووناکبیرو بەئاگا بووە، لەڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی. دوو زلهێز (عوسمانیو سەفەوی) لەشەڕو پێکدادانو ململانێدا بوون. دوو مەزهەبی ئیسلامی - سیاسیی، بۆ سەپاندنی هەژموونگەری تیۆکراتی ڕۆژهەڵاتی، خوێناویترین شەڕیان هەڵگیرساندبوو. هێزە کوردستانییەکان (میرنشینو هۆزەکان، ...)، کە نیمچە سەربەخۆبوونو هەر یەکە، بەژمارەیەك داوی سەربازیو ئابووریو ئاینیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی، بەیەکێك لەو دوو ناوەندەوە گرێدرابوون[٢١]. لەکاتی جوڵانەوەی سوپاو هێزی چەکدار، ئەوان نەیاندەتوانی وەکو (سویسرای ئەمڕۆ) بێلایەنو دوورە پەرێزو سەربەخۆ بن. ئەوان بورغووی بچووکی مەکینەی عەسکەریی مەزن بوون. بیانویستایەو نەیانویستایە بەر لێشاوی جوڵانەوەی هێزە جیاجیاکان دەکەوتن. سوڵتان (شا) حیسابی لەسەر پەراوێزخراوترین عەشیرەتو میرنشین دەکرد. هەموو چەکە گەورەو بچووکەکان، ئاراستەی جەنگ دەکران.

ئەوان دەیانزانیو دەیانتوانی باش (کارتی کوردی) بەکاربهێننو بەهەڕەشەو گوڕەشە، یان بەڵێنو دەمچەور کردن، ڕەوانەی بەرەکانی شەڕیان بکەن. هەندێ جار گیانی دەمارگیریی مەزهەبیو ئاینی دەوری خراپی گێڕاوە: لەسۆنگەی شەڕی مەزهەبیدا، شای سەفەوی (بۆ نموونە) بڕیاری داوە، میرانی کوردی سونی مەزهەب، دەرپەڕێنێتو لەبری وان، شیعەیەکی فارس، ئازەری دانێت. بەئومێدی بەشیعەکردنی سەرجەم میرنشینەکانی کوردستان. ئەوانیش، سەنگەرەکانیان گۆڕیوەو پەنایان بۆ دەوڵەتی عوسمانی (سونی) هێناوە[٢٢].

هەرکەسێك دیباجەکەی (مەم‌و زین) بخوێنێتەوە، دەزانێت کەسێکی سیاسیی‌و شارەزا لەئیدارەو مێژوو، ئەم شاکارەی نووسیوە. ئەو، هەر بەحوکمی کارو پیشە (مونشی) ڕۆژانە نامەی نووسیوەو بەوردی گوێی بۆ پاشا راداشتووەو ئامۆژگاری‌و زانیاری ـ ناوەڕۆکی نامە ـ وەرگرتووەو بەگوێرەی دڵی میر نووسراوی نووسیووەو زانیاریی کۆکردۆتەوە. زانیارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ناو دەربار، لەدیباجەکەی (مەم‌و زین)دا رەنگی داوەتەوە.

رەنگە خانی، دەستنووسێك لەدەستنووسەکانی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بدلیسیی خوێندبێتەوە، کە هەردوو بەرگەکەی بۆ مێژووی میرنشینە کوردەکان‌و ململانێی دەوڵەتی عوسمانی‌و سەفەوی تەرخانکراوە. ئەم شاکارە نزیکەی سەد ساڵ پێش هۆنینەوەی (مەم‌و زین) نووسراوە.

خوێندنەوەی دیباجەکە، راستییەك روون دەکاتەوە، شاعیر لەناو کۆشکی شووشەدا، بەتەنیا نەژیاوەو ئاگای لەدەوروبەرو رووداوە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکان نەبێت. ئەو بەشێك بووە لەژیانی سیاسیی، یان لەناو جەرگەی رووداوە گرنگەکاندا ژیاوە. ئەگەر زانیاری لەسەر رووداوەکان نەزانیبێت، بێگومان لەڕێگەی نامەو کۆکردنەوەی دەنگوباسەوە زۆر چاك ئاگادار بووە!

ئەو، لەلایەکی ترەوە، ویستویەتی مێژووی بنەماڵەکەی خۆی بزانێت، ئەگەرچی وەکو (المتنبی) راستەوخۆ، بەزەقی شانازیی بەباوباپیرانی خۆیەوە نەکردووە[٢٣]. بەڵام لەڕێگەی گێڕانەوە، یان سەرنج‌و تێبینیی لاوەکی، باوکی لەکۆتایی چیرۆکی (قصە شمعون) زانیویەتی باپیرە گەورەی قوربانیی هێرش‌و پەلاماری سوپای قزڵباش بووەو لەئەنجامی ئەو رووداوانەوە، بنەماڵەکەیان میرنشین‌و میرایەتیان لەدەست داوەو لەشوێنی خۆیان هەڵکەنراوە.

بەڵام ئەم خاڵانەی لەسەرەوە لێیان دواین، زنجیرەیەك گریمانەی مەنتیقین، کە ئێمە ناگەیەننە بەردەم دەروازەی دەرهاویشتەیەکی راست‌و دروست: سەدان خوێندەوارو زانا شەرەفنامەیان خوێندۆتەوەو بەوردی ئاگاداری هێرش‌و پەلاماری دەوڵەتانی عوسمانی‌و سەفەوی بوون، کە لەسەر زێدی باوباپیرانی ئەواندا رووی داوەو کەسیشیان نەیانتوانیوە شاکارێك وەکو (مەم‌و زین) بهێننە بەرهەم؟

(هوپیۆتێزە ـ Hypothese) [٢٤]یەکی تر ئەوەیە، ئەحمەدی خانی، نزیکەی یەك سەدە پێش شۆڕشی ئەمریکی ١٧٧٦ز و شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ (مەم‌و زین)ی نووسیوە. لەساڵی ١٧٨٩ بەدواوە، وەرچەرخانی بنچینەیی لەبیرو سیستمی کۆماری دروست بکرێت‌و بەناوی گەلەوە حوکم بکرێت... هتد.

نابێ‌و ناشێ‌و ناکرێ شاعیرێکی کورد، لەناو پەیوەندییەکی باوکسالاریی خێڵەکیی گەشە نەکردوودا، پێش دروستبوونی نەتەوە، وەکو دامەزراوەی دەوڵەتیی‌و ئیداری‌و نەتەوەیی‌و فەرهەنگی، پێشبینیی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالستیی کردبێت. ئەم مۆدیلە لەبیری سیاسیی لەهیچ شوێنێکی ئەم سەرزەمینە نموونەی نەبووەو نییەو نابێ! ئێستا ٢٠٠٨و هێشتا بەشێکی (هەڵبژاردەی سیاسیی) ئێمە لەسروشت‌و ئامانج‌و ڕۆحی شۆڕشی فەرەنسییەوە نزیك نین. ئیدی بۆ چاوەڕوان بین، شاعیرێکی کۆتایی سەدەی (١٧) یەك سەدە پێش شۆڕشی فەرەنسیی مەزن کەوتبێت؟

**روانگە گۆڕکێ**

یەکێك لەو هۆیانەی کۆڵیارو ڕووناکبیرو مێژوونووسانی کوردی تووشی لێکدانەوەو ئەنجامگیری ناڕاست کردووە، سەبارەت بیرو هزرو تێگەیشتنی سیاسیی ئەحمەدی خانی، ئەوان لەگۆشەنیگای ناسیۆنالیستیی خۆیانەوە، کە تەنیا دیوی دەرەوەو رووکەشی سادەی پێناسەی رۆژاوایی‌و رووسییە بۆ (ناسیۆن ـ Nation) [٢٥] سەیری دیباجەکەی (مەم‌و زین) کراوە. لەسەردەمی چاوکرانەوەو نزیکبوونەوە لەشنەی شەماڵی بیری نەتەوەیی ئەورووپی[٢٦].

هەروەکو چۆن ئێمە، ئێستا نازانین‌و ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، لەسەد ساڵی داهاتوودا، کام ئایدیۆلۆجیاو کام جوڵانەوەی سیاسیی دێتە پێشەوە، هەروا زۆر زەحمەت‌و پارادۆکسە، ئەحمەدی خانی پێشبینیی بیری ناسیۆنالیستی کردبێت!

خانی لەسەردەمێکدا ژیاوە، دەوڵەتانی عوسمانی لەلووتکەی هەڵکشان‌و سەرکەوتنی سەربازی‌و شاڵاوی داگیرکردنی رۆژئاوادا بووە. سوپای عوسمانی لەناوەراستی هەشتاکانی سەدەی (١٧)دا، سەرقاڵی گەمارۆدانی ڤین (ڤینا) بووە[٢٧]. دوا پەلاماری ساڵی ١٦٨٣ز بووەو سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

لەشاڵاوی گەمارۆدان‌و هەوڵی داگیرکرنی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی هابسبوورگ، ئابلۆقەکە شکێنراوەو ژماردنی پێچەوانە دەستی پێکردووە Countdown بەڵام پانتایی چالاکیی عەسکەری ئەوەندە فراوان‌و چڕوپڕ بووە، رەنگە (هاوولاتی ـ رەعیەت)ێك بەتەواوی لەقەوارەی تێکچوونی تەرازووی عەسکەری تێنەگەیشتبێت. چونکە سوپای عوسمانی، لەماوەیەکی کورتدا تا رۆخی تەنگەی بۆسفۆرۆس بەرەو دواوە نەگەراوەتەوە.

کۆڵیارو نووسەرو رووناکبیرانی ئێمە، دەبا ئاراستەی تێگەیشتنی تیۆری خۆیان لەچەمکی ناسیۆن (Nation)ەوە بۆ چەمکی (ئیتنیستی ـ Ethnicity)[٢٨]و چەمکی (ئیتنۆناسیۆنال ـ Etho-national) بگۆرن! پێش شۆرشی فەرەنسی ١٧٨٩ چەندین تێگەیشتن‌و کولتوورو هەست بەناسنامە کردن، سەربەگروپی کۆمەڵایەتی‌و دینی‌و مەزهەبی‌و هۆزو تیرەو بنەماڵە هەبوون. لەسەرەتای پەیدابوونی دینی ئیسلامی، هەرکەسێك باسی زمان‌و ناسنامەو فەرهەنگو ئەدەبیاتی خۆی کردبێت، ئەوە بە (شعوبی) ناوبراوە. بەناوی (الشعوبیه)وە هەزاران کەس کوژراون‌و هەوڵی سرینەوەی کولتووری گەلانی تر دراوە. رێگە نەدراوە خەڵك بایەخ بەزمان‌و ئەدەب‌و مێژووی خۆی بدات. دیارە نە گیانی عەرەبچی‌و فارسچێتی‌و... هتد. دەتوانرێت لەچوارچێوەی پێناسەی نەتەوە دانرێت[٢٩].

هەر لەسەدەی دووەم‌و سێیەمی کۆچییەوە، لەئێران سەرەتای بەرهەڵستکاری‌و هەڵسانەوەو نارەزایی بەدی دەکرێت. لەسەدەی چوارەمی کۆچی، یان سەدەی (١٠)ی زاینی (عیسایی) جوڵانەوەیەکی رووناکبیری‌و خۆناسینەوەو دۆزینەوەی ناسنامەی پێشوو، ناسنامەو کولتووری ساسانی ـ ئێرانی گەشەی کرد. ئایا خانی بەراستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ، لەرۆحی ئەو بزاڤە رووناکبیرییە سوودی وەرگرتووەو لەشێوازو ناوەرۆك‌و کارکردن رێبازی خۆی دۆزیوەتەوە[٣٠]؟

**فیردۆسی**

ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە، خانی چەند لەبن کاریگەری‌و کارتێکردنی فیردۆسی (٩٣٥ ـ ١٠١٥ز) بووە. ناوی (نظامی‌و جامی) هاتووە، بەڵام ناوی ئەبو قاسمی فیردۆسی، نە لە (مەم‌و زین)و نە لەبەرهەمەکانی تر، بەرچاو ناکەوێت. (کاتێك ئێمە دەڵێین: بوێژو شاعیر، لەنووسینەکانیاندا نزیکن لەمیللەت‌و هەروەها بەمیللەت‌و خەڵکی بەستراونەتەوە. پێویست دەکات، ئێمە بەبێ خواست‌و هزری خۆمان بزانین کە سێ بوێژو ئەدەب رۆڵێکی مەزن‌و وەك یەکیان هەیە. ئەو سێ بوێژو ئەدیبەش، ئەمانەن:

١. فیردۆسی ـ ئێرانییە.
٢. رۆستاولی ـ گورجییە.
٣. ئەحمەدی خانی ـ کوردە.

فیردۆسی، لەمێژووی ئەدەبی ئێرانی‌و جیهانیدا گرنگەو ئەو توانیی وەرچەرخان لەبیرو هزرو تێگەیشتنی ئێرانیان دروست بکات. بایەخی (شانامە)[٣١]، کە بریتییە لە ٦٠٠٠٠ شەست هەزار بەیت، تەنیا کۆکردنەوەی چیرۆك‌و داستان‌و ئەفسانەو رووداوی مێژوویی نییە، بەڵکو ناسنامەو سمبۆل‌و کەسایەتی‌و بیری سیاسیی

گەلێکی بەرجەستە کردووە.

دەوڵەتی ساسانی، کە کاتی خۆی یەکێك بوو لەدوو زلهێزەکەی ناوچەکە، دەوڵەتێکی سەقامگیرو هەژموونگەرو چوار سەد ساڵ تەمەنی هەبوو. ئەم دەوڵەتە لەسنووری رۆژاوەوە، لەلایەن ژمارەیەك هۆزو خێڵی کۆچەر، کە ئاینێکی نوێ کۆیکردبوونەوە، بەبرواى پۆڵایینو شمشێری رووتەوە، پەلاماردرا. ئەم دەوڵەتە مەزنە، لەبەر هەر هۆیەك بووبێت، کە ئێرە جێگەی لێدوانو قسە لەسەرکردنی نییە، نەیتوانی بەرگری لەخۆی بکاتو لەماوەیەکی زۆر کورتدا تووشی هەرەسو داتەپین هات[٣٢].

خاکی ئێران، بەتەنیا نەکەوتە بن دەسەڵاتی شیرو رمی داگیرکەری نوێ، بەڵکو سەرجەمی دامەزراوەو داوودەزگای دەوڵەتیو ئیداریو ئابووریو فەرهەنگی، لەبەریەك هەڵوەشانەوەو وێران بوون. بەراوردێکی سادە لەنێوان داگیرکەرو داگیرکراو ئەو راستییە دەنوێنێ. یەکەم، توانای ئەوەی نەبووە، لەرووی ژیاریو ئیداریو فەرهەنگییەوە، رادەی پێشکەوتنو پەرەسەندنی دووەم بپارێزێتو گەشەی پێبداتو سوودی لێوەربگرێت، بەپێچەوانەوە پشێویو ئاژاوەو نائارامی ئیداریو ئابووریو سیاسیی روویدا. سەرجەمی دەوڵەتی ساسانی سەروبن کراو شارو لادێ تالان کراو سوتێنراو شێوێنرا[٣٣]. دەسەڵاتی نوێ، دامەزراوەی ئاینیی جیاوازی دروست کرد، مزگەوت لەبری پەرەستگای زەردەشتیو جەژنو بۆنەی دینیو کۆمەڵایەتیی تر هاتنەکایەوە...

تێکشکانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی کاریگەریەتیی دەروونیی ئەوتۆی لەناخی ئێرانییەکان دروستکردووە، ئەمرۆش پاش تێپەربوونی چواردە سەدە، هێشتا کاردانەوەو رەنگدانەوەی لەسەر هەموو ئاستەکاندا دەبینرێتو هەستی پێدەکرێت[٣٤].

راستە ئەو نسکۆیە لەئاوێنەی مێژوودا هەر زۆر دوورکەوتۆتەوەو ئێمە لەسەردەمێکی زۆر جیاواز دەژین، بەڵام لەبنهۆشدا[٣٥] (اللاَواعی ـ Unterbewusstsein) کۆمەڵێك گرێکوێرەو برینی دروستکردووە، کە شوێنەواری هەروا بەئاسانی سارێژ نابێو ناسڕێتەوە.

بێگومان دوور لەناوەندی دەسەڵات، لەکەنارو مەرزو بوومی دەوڵەتی عەباسیدا، کە لەگەڵ ئەفغانستانو تاجیکستان هاوسنوورن، لاوازیو بێهێزی دەسەڵاتی سەنترالی دەوڵەت رەچاو دەکرا. هێزە ناوچەییو بچووكو دووردەستەکان، بەرە بەرە سنووری دەسەڵاتیان فراوانتر کرد. چەندین میرنشینو دەوڵەتو دەسەڵاتی ناوچەیی سەریان هەڵدا: (طاهری، صفاری، سامانی، ...) [٣٦] نموونەی ئەزموونی سەربەخۆییو خۆجیاکردنەوەو خۆ هەڵاوێرکردن، پاش ساڵانی دوورو درێژی داگیرکراویو ژێردەستیو هەوڵدانی گۆڕاندنی ناسنامە، ئەم هێزانە هاتنە ئاراوە. ئێمە ناتوانین یەك مۆدێلی دروستبوون، یەك کاتیگۆری بۆ هێڵی گەشەکردنو پەرەسەندنی دیاری بکەین، بەڵام بەگشتی چەند شەقڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا رەچاو دەکرێت: رێبەرو سەرکردەکان، نەوەی بنەماڵەی میرو دەسەڵاتدارانی پێشوو بوون، یان خۆیان بەشەجەرەی یەکێك لەبنەماڵە کۆنەکان گرێدەدا. لەو ناوچانە، لایەنگرانی سەردەمی پێشوو زۆربوون. هێشتا پەیڕەوانی دینی زەردەشتی لەسەر دینی خۆیان بەردەوام بوون[٣٧].

**شانامە**

میرانی میرنشینە نوێکانو بەتایبەتی میرانی سامانی (٨٧٥ ـ ٩٩٩ز) بەدوای ناسنامەو شەرعیەت (لیگیتیماسیۆن ـ Legetimation) دەگەڕان، کە سەرچاوەو ژێدەری، هەمان سەرچاوەی شەرعیەت بەخۆدانی خەلیفەکانی دەوڵەتی عەباسی نەبێت. ئەوان بەوردی زیندووکردنەوەو بووژاندنەوەی زمانو ئەدەبیاتی پەهلەویو کولتووری ساسانیان گرتبووە ئەستۆ، دەگەڕان هەر بەرهەمو تێکستو نووسینێکیان دەستبکەوتایە، هەر یەکسەر دەیانکردە فارسیی نوێ (دری) یان بۆ زمانی عەرەبی وەریان دەگێڕا. دەسەڵاتداران، بەگەرمی

پشتگیرییان لەو کەسانە دەکرد، کە لایەنگری بووژانەوەی سامانی فیکری پەهلەوی بوون. ئەمانە ئەگەرچی بەرووکەش‌و سیاسەتی دەرەوەو رەسمی، داوی پەیوەندییان لەگەڵ بەغدا نەپچڕاندبوو، بەڵام سیاسەتی ناوخۆی رانەگەیەنراو، زیندووکردنەوەی‌و بووژاندنەوەی سامانی کولتووری ساسانی بوو. لەکاتێکدا لەبەغدا نووسەرو شاعیرانی بەرەگەز ئێرانی، لەسەر هەڵوێست، لەسەر سووربوون لەسەر ناسنامەو خۆشەویستیی نیشتمان‌و کولتووری خۆیان ملیان بەتاوانی (الشعوبیە) دەپەرێنرا، لەسنووری میرانی (طاهری، صفاری، سامانی...هتد) دەیانزانی کێ هەر بەسەرزارەکی موسوڵمانەو کێ لەسەر بڕوابوون بەئایینی زەردەشتی بەردەوامە، کەچی پەنجەیان بۆ کەس نەدەبرد. پەیوەندبی میرو وەزیرانی دەوڵەتی سامانی بەدەقیقی (؟ - ٩٧٥ز)ەوە [٣٨]، کە بەدوا کەڵەشاعیری سەردەمی سامانیان دادەنرێت‌و تا دوا رۆژی ژیانی زەردەشتی بووەو زۆربەی شیعرەکانی شانازی‌و ستایشی ئاینی زەردەشتییەو کەس لەسەر هەڵوێست‌و بیروباوەڕ تەنگی پێهەڵنەچنیوەو رێگەی شیعر نووسین‌و ئازادیی دەربڕینی لێ نەگرتووە، بەڵگەی سیاسەتی لێبووردنی ئاینییە.

سەرەتا، دەقیقی، شاعیری دەربارو ستایش‌و پیاهەڵدانی میرانی (چغانیان) بووە. پاشان وەزیرو میری سامانییەکان بۆ دەرباری خۆیان بەگەرمی پێشوازییان لێ کردووە. لایەنگرانی ئاراستەی سەربەخۆیی‌و ئازادی‌و سەرفرازی بۆ نووسین‌و هۆنینەوەی (شانامە) پشتگیرییان لێ کردو هەلومەرجی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیان بۆ دەستەبەر کرد. بەقسەی فیردۆسی ئەو تەنیا یەك هەزار بەیتی لەشانامە نوسیووە. لەداستانی (گشتاسب) تا دەرکەوتنی زەردەشت دەگرێتەخۆ. ئیدی لەسۆنگەی کوشتنیەوە لەهەرەتی لاویدا، کارەکەی بەناتەواوی ماوەتەوە.

ساڵی (٩٧٦ز) واتە: پاش تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر مەرگی دەقیقیدا، میرانی سامانی ئەرکی هۆنینەوەی (شانامە) بەفیردۆسی[٣٩] دەسپێرن. لەسەر مەسەلەی (شانامە) پێسپاردن، چیرۆك‌و داستانی جۆراوجۆر هەیە. فیردۆسی گەیشتنی ئەم پەیامە لەدەقیقییەوە بەئەو، بەگێڕانەوەی خەونێك چارەسەر کردووە.

گوایە دەقیقی لەخەوندا بینیوەو ئەو داوای لێکردووە، پەیامەکەی بەئەنجام بگەیەنێت‌و (شانامە) تەواو بکات:

**چنین دید گوینده یکشب بخواب**

**که یک جام می داشتی چون گلاب**

**دقیقی ز جائی فراز امدی**

**بر ان جام می داستانها زدی**

**به فردوسی آواز دادی که می**

**مخور جز به آئین کاووس کی**[٤٠]

تەوژمێکی بەرفراوانی داخوازی کۆمەڵانی خەڵك بۆ زیندووکردنەوەو بووژانەوەی فەرهەنگ‌و بیروباوەڕو زمانی پەهلەوی، کە چینی مامناوەندی شاری کۆڵەکەی دەبێت‌و پشتگیری دەکات‌و یارمەتیی ئەو حەمەلەیە، بەشێوەی مادی‌و مەعنەوی دەدات. رێبەرایەتیی ناوچەیی‌و دەسەڵاتی سیاسیی ئەو سەردەمە، ئەو دەستپێشکەرییە لەئامێز دەگرێت‌و بۆ بەهێزکردنی پلەوپایەی خۆی‌و شەرعیەتدان، بەفەرمانڕەوایی خۆی، هەلومەرج بۆ شاعیرو نووسەران دەستەبەر دەکات بۆ ئەوەی هەموو تواناو وزەی خۆیان بۆ هۆنینەوەو نووسینی شاکارێکی مەزن تەرخان بکەن.

فیردۆسی هەر زۆر بەباشی ئاگای لەقەوارەو پانتایی ئەرکی سەرشانی خۆی بووەو بایەخی جێبەجێکردنی کارەکەی لەبەرچاو گرتووەو گوێی بەماندووبوون‌و کوێرەوەری‌و شەونخونی نەداوەو هەرچی سەروەت‌و سامانی هەیە لەپێناوی ئەو پەیامەدا سەرف کردووەو تا کۆتایی بەشانامە نەهێناوە[٤١]، دەستی لەکارەکە هەڵنەگرتووە.

فیردۆسی زمانی فارسیو پەهلەویو عەرەبی بەچاکی زانیوەو ماوەی (٣٠) سی ساڵی تەمەنی بۆ کۆکردنەوەی داستانی میللیی کۆنو ئەفسانەو چیرۆك، تەرخان کردووە:

**بسی رنج بردم بدین سال سی**

**عجم زنده کردم بدین پارسی**

**پی افکندم از نظم کاخی بلند**

**که از باد و باران نیابد گزند**[٤٢]

راستە چەندین وەزیرو کاربەدەستی میرنشین پشتگیرییان کردووەو چەندین کەسایەتیی ناوداری شاری (نامداران شهر) یارمەتییان داوەو ئەو خۆی لەناو بەیتەکاندا، بەراستەوخۆ ئاماژەی بۆ ناوی ئەوانە کردووە، کە زێرو زیویان بەسەردا باراندووەو دەستیان بەپشتیدا داوە. بەڵام لەهەندێ بەیت تالاوی بێزاری دەبینیت: ئەو، چاوەڕوانی هەڵوێستێك لە پیاوێکی گەورە بووە، بەپێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییە، کابرا تەنیا پێی گوتووە «أحسنت.. أحسنت».

**بزرگان با دانش، آزادگان**

**نبشتند یکسر همه رایگان**

**جز احسنت از ایشان نبد بهره‌ام**

**بکفت اندر احسنتشان زهرام**[٤٣]

**چەمکی کۆنو تێگەیشتنی مۆدێرن**

زۆر نووسەرو رووناکبیری کورد پێیوایە تێگەیشتنی خانی بۆ چەمکی ((نەتەوە)) کە زەمانی ئەو، لەهیچ کوێ وەکو زاراوەیەکی سیاسیی بەکارنەهاتووە، لەگەڵ تێگەیشتنی ئێمە بۆ (ناسیۆن ـ Nation) هیچ جیاوازییەکی نییە. راستییەکی حاشا هەڵنەگر هەیە، کە لەنێوان خانیو ئێمەدا سێ سەدە هەیە. سێ سەدو چواردە ساڵ ئێمە جیادەکاتەوە. هیچ مەنتیقو بیرکردنەوەیەکی راتسیۆنال ـ rational ئەوە قبووڵ ناکات، خانی رێك وەکو ئێمە بیری کردبێتەوە. من نکوڵی لەوە ناکەم، کە ئەو پیاوێکی دووربینو نیشتمانپەروەر بووەو زێدو خاکی وڵاتی خۆی خۆشویستووە. هەر زۆر دڵسۆز بووە بۆ (گەل)ەکەی، کە بە (کرمانج/ کورد) ناوی دەبات. بەڵام تێگەیشتنی ئەو بۆ (دامەزراوە) سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی، هەر زۆر لەتێگەیشتنی ئێمەوە بۆ چەمکی نەتەوە دوورە.

چەند قوتابخانە هەیە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی نەتەوە[٤٤]. من هەر بۆ نموونە سێ پێناسە دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز، کە تا ئەمڕۆش لەزانکۆکانی ئەوروپادا رەچاو دەکرێن:

١. پێناسەی فەرەنسی: لەپێناسەی فەرەنسی بۆ (ناسیۆن) لەگەڵ چوارچێوەو سنووری دەوڵەت گرێدراوە. نەتەوەی فەرەنسی لەناو داودەزگاو دامەزراوەی دەوڵەت خەمڵیوەو دەقی گرتووە.

٢. پێناسەی ئەڵەمانی: لەکۆتایی سەدەی (١٨)و سەرەتای سەدەی (١٩) ئەڵەمانیا یەك دەوڵەت نەبوو، بەڵکو ژمارەیەك میرنشینو دەوڵەتو دەوڵەتۆکە بوو، کە خۆی لە ٣٦٠ دەوڵەت دەدا[٤٥]. ئەم ژمارە زۆرە لەدەوڵەتو میرنشین یەك قەیسەریان هەبوو، هەرهەمووشیان لەچوارچێوەی یەك مەملەکەتی قەیسەری بوون. ئەم هەموو کیانە سیاسییە سەربەخۆیە، یەك زمانو یەك دابونەریتو یەك مێژووی هاوبەشو یەك رەگەزیان هەبوو (گرمانی). بۆیە بیرمەندو رابەرە ناسیۆنالیستەکان لەپێناسەی ناسیۆن، مەرجی بوونی دەوڵەتیان پشتگوێ خستووە. ئەوان، ئەڵەمان بە (Kutlur-Nation) [٤٦] تێدەگەن. واتە: نەتەوەیەك، کە کولتوورو ژیانی رووناکبیریی هاوبەشی هەیە.

٠٣ پێناسەی رووسی: یەکێك لەپێناسە ناسراوەکان بۆ نەتەوە، پێناسەی ستالینە، کە مەرجی مێژووی هاوبەشو زمانی هاوبەشو ئابووریی هاوبەشو سنووری هاوبەشو... هتد. بۆ پێناسەکردنی نەتەوە داناوە.

بێگومان رەچاوکردنی پێناسەیەك، تەنیا گرنگیی مێژوویی دەردەخات، نەك بڕواپێبوون وەکو چەمکێکی پیرۆز. ئەمڕۆ پێناسەی (ناسیۆن) ئەوەندە زۆرە، کە هەر زانکۆیەك رەنگە دەیان پسپۆری هەبێتو هەریەکە بەشێوەیەك پێناسەی ناسیۆن (نەیشن) بکەن[٤٧].

ئێمە دەمانەوێ، بەشێك لەزاراوە سیاسیی ـ کۆمەڵایەتییەکانی ناو (مەمو زین)، بەوردی شەنو کەو بکەین بۆ ئەوەی تێبگەین، خانی مەبەستی چی بووە؟ زاراوەکان پێویستە لەدیوی ناوەوە سەیر بکرێن. تەنیا ئەوکاتە لەشاعیر نزیك دەبینەوەو لەرۆحو سەردەمی بەرچاو روون دەبین، گەر توانیمان زاراوەکان بەکۆدو رێبازی بیرکردنەوەی خانی دیاری بکەین.

**میر ـ سەرکردەو پێشەوا**

بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکان، شەقڵێکی هاوبەشو ناوکۆییان هەیە، کە سەرکردەو پێشەوایان هەیە، کە لەجەرگەی خەباتی جەماوەریدا سەرهەڵدەدەن وەکو پێویستییەکی مێژوویی. ئەوان، هەلومەرجی سەختی تێکۆشانو راپەڕینو ململانێی چەکدارانە، بەشێوەیەکی کاریزمایی دروستیان دەکات. قارەمانو پاڵەوانە نەتەوەییەکان هیواو ئامانجو داخوازیی رەوای جەماوەر بەرجەستە دەکەن. گاریباڵدی[٤٨] لەئیتالیا جوڵانەوەی سیاسیی بۆ ئاستی پاڵەوانی نەتەوەیی بەرزی کردەوە. کێشەو زۆرانبازیی نێوان بریتانیای گەورەو گەلی ئایرلەندە، بزاڤی نەتەوەیی ئایرلەندیو حزبی شێن فێنی هێنایە کایەوە. توندبوونەوەی خەبات لەسەر شەقامەکانی دبلن، کەسایەتییەکی بەجیهان ناساند، کە لەپرۆفیسۆری ماتماتیکەوە بۆ پێشەوای گەلێك ناوبانگی دەرکرد: ئێمۆن دیڤالیرا (١٨٨٢ ـ ١٩٧٥) تەنیا بەدایك ئایرلەندی بووە، بۆتە یەکەم سەرۆك کۆماری ئایرلەندەی باشوور. چیرۆکی ژیانی جۆرج واشنگتۆن (١٧٣٢ ـ ١٧٩٩) جێگای فروسمانو سەرسوورمانە. لەئەفسەرێکی نارەسمییەوە بۆ سەرکردایەتی شۆڕشو یەکەمین سەرۆك کۆمار. ناکۆکیی بەرژەوەندیی نێوان بریتانیای داگیرکەرو ئەمریکای داگیرکراو، ئەوەندە قووڵ ببووەوە، چارەسەر، توندوتیژیو پەلاماری چەکدارانەو شۆڕش کۆتایی بەناکۆکی هێنا[٤٩].



**مۆدێلی پرۆیسی**

مۆدێلی بسمارك، یان پرۆیسی ـ Preuss لەیەکگرتنەوەی ئەڵەمانیادا، جۆرێکە لەیەکگرتنەوەی دەوڵەتی، کە پاشان یەك نەتەوە لەچوارچێوەیدا، چاوی هەڵهێنا. بسمارك، کانسلەری ئاسنین، بەزەبرو زەنگو شەڕو شۆڕ، یەك بەیەکی میرنشینە بچووكو وردیلانەکانی قووتداو ناچاری کردن مەرجەکانی یەکبوون بسەلمێنن.

بزاڤی یەکگرتنەوەی نەتەوەیی ـ دیموکراتی، لەبنچینەدا، خەباتی ئینتلجنسیا رووناکبیرو

بۆرجوازیو هەژاران بوو بۆ هەڵوەشانەوەی سنووره تەسكو تاریكەكانی میرنشینەو دەوڵەتۆكەكان. جوڵانەوەی نەتەوەیی ـ كۆمەڵایەتی ـ دیموكراسی لەناو شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ خۆی نواند، كە زۆربەی زۆری شارەكانی گرتەوەو سەرتاپای ئەوروپای هەژاند. بسمارك، كە میرێكی بچووكی گومناوی رۆژهەڵاتی پرۆیس بوو، هەر بەملهوڕیو هێزێكی كەمەوە لەبەرلین پەلاماری راپەڕینو شۆڕشی دا. راپەڕینی چەكدار خۆی لەبەردەم هێرشی بسمارك نەگرت. پاش هەرەسو تێكشكانی شۆڕش، بسمارك، هەر بۆ چەواشەو پێویستیی مێژوویی ئەو قۆناغە، ئاڵای یەكگرتنەوەی نەتەوەیی بەرز كردەوە[٥٠].

**مۆدێلی میری كوردی**

پێناسەكردنی ناسیۆنو دوان لەسەر مۆدێلی بزاڤی یەكگرتنەوەی نەتەوەیی، بەمەبەستی بەراوردو نزیككردنەوەو پێوانەی بزاڤی نەتەوەییو خەونی دروستكردنی دەوڵەتێكی یەكگرتوو بووە: تێگەیشتنی خانی هەر زۆر لەمۆدێلی ئیتالیو فەرەنسیو ئەمریكییەوە دوورەو لەمۆدێلی پرۆیسییەوە نزیكە. بەڵام ئەم مۆدێلەش لەسەردەمی هەڵسانەوەی نەتەوەیی رووی داوە، كۆنسێپتەكەی خانی داوا لەمیرێك دەكات راپەڕێت، هەموو كورد زمانێك، سەرجەمی كرمانج، لەسنووری یەك دەوڵەت كۆبكاتەوە:

**رابت ژ مەژی جهانپەنا هەك**

**پەیدا ببتن مە پادشا هەك**[٥١]

واتە: بەختی ئێمەش لەخەو بێدار بێتەوە، لەناو ئێمەشدا، وەكو خەڵكانی تر، ((جهانپەنا هەك)) راپەڕێتو لەسەر خاكی ئێمەش ((پادشا هەك)) پەیدا بێت. لەدەستەواژەی ((رابت ژ مەژی)) ئاماژەیەكی زەق دەخوێنرێتەوە: سەركردە ((جهانپەنا هەك)) لەڕیزەكانی گەلی كورد، هەروەكو گەلانی تر، راپەڕێت. هەروەها لەسێبەری شیكردنەوەی دەستەواژەكە ((هاوكاتیبوون)) ناخوێنرێتەوە، بەڵكو تارمایی رابوردوو دەبینرێت، نەك درووسكایی داهاتوو، یان كاتێك، كە نەهاتبێت..

**قەبیلە/ تایەفە/ ملەل**

راستییەكی گشتیو زانراوە، كە بزاڤی ناسیۆنالیستی، چینی مام ناوەندی شاری دینامۆو رابەری بووەو دژی رژێمی مەلەكیو پاشایەتی بووە. لەپەرلەماندا بەناوی گەلەوە بڕیار دراوە. دەستوورو قانوونو دەسەڵات لەرێگەی گەلەوە پەسەند كراوەو شەرعیەتی وەرگرتووە. میرو پاشاو پیرو مشایەخ، پەراوێز خراون. هاووڵاتی بەرامبەر قانوون، وەكو تاكێك، هەموو یەكسانن، كەس بنەماڵە ناخوێنێتەوە.

ئەحمەدی خانی، لەكولتووری شارو پایتەختی میرنشین ژیاوەو بەناڕاستەوخۆ جۆرە ئاماژەیەكی نێگەتیڤ، لەپشت پەردەوە هەست پێدەكرێت. بەڵام ئەو لەكام شار ژیاوە؟ شارێكی مەزنی وەكو ئەستەموول، یان پاریس، شارێك، كە گیانی ((هاووڵاتیبوون)) یان ((بۆرجوازی))ی[٥٢] تێدا باڵادەستو فەرمانڕەوایە، یان شارێكی بچووكی نووستووی سێبەری كولتووری باوكسالاریو كولتووری عەشیرەتگەری؟

**هەردوو تەرەفان قەبیلێ كورمانج**

**بۆ تیرێ قەزا كرینە ئامانج**

**گۆیا كو ل سەر حەددان كلیدان**

**هەر تایفە سەددەكێ سەدیدن**[٥٣]

لەشوێنێكی تردا، بەهەمان شێوە، چەمكی (قەبێل) سەرلەنوێ بەكاردەهێنرێت:

**ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلێ ئەكراد**

**وان دانە ب شیرێ هیممەتێ داد**

بێگومان (قەبێل) لەوشەی (القبیلە)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، كە ئێستا ئێمە بەرامبەر عەشیرەتو هۆزو

خێڵ بەکاریدەهێنین. مەبەست لەم زاراوەیە، دامەزراوەیەکی، ڕێکخراوی سیاسیی ـ کۆمەڵایەتییە، کە پەیوەندیی خزمایەتیو خوێنو یادگاری هاوبەشو بەرژەوەندیی هاوبەش، ئەندامانی، پێکەوە گرێدەدات.

ناصرالدين عبدالله بن عمر البيضاوى بەم شێوەیەی خوارەوە، پێش نزیکەی ٦٢٠ ساڵ پێناسەی ((شعب)) و ((قبيله)) دەکات:

((الشعب الجمع العظيم المنتسبون الى أصل واحد وهو يجمع القبائل والقبيلة تجمع العمائر والعمارة تجمع البطون والبطون تجمع الأفخاذ والفخذ يجمع الفصائل، فخزيمة شعب وكنانة قبيلة وقريش عمارة وقصى بطن وهاشم فخذ))[٥٤].

کەواتە: قەبیلە، یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیی ـ ئابووریە، لەپەیوەندیی ئینتەرئەکشنە ـ Interaction لەگەڵ (یەکە) کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری، کاردەکەنە سەر یەکتر، بەڵام ئەم جۆرە یەکە کۆمەڵایەتییە ئەلتەرناتیڤ نییە بۆ ((نەتەوە))، چونکە خۆی لەخۆیدا، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی پێش لەدایکبوونی ((نەتەوە))یە. هۆز دەتوانێت پەرەبسێنێت، بەهێز بێت، نیوەی دونیا داگیر بکات، دەوڵەت دروست بکات، ئەم دەوڵەتە ناتوانرێت وەکو نەتەوە پێناسە بکرێت (نموونە: دەوڵەتی عوسمانی).

**دەماگیری بۆ عەشیرەت**

خانی شانازی بەیەك (مۆتیڤ)ەوە دەکات، کە هانی داوە بۆ نووسینی شاکارەکەی، ئەویش دەمارگیریو شانازیکردنە (تەعەسوب) بۆ عەشیرەت:

**یەعنی نە ژ قابلی و خەبیری**
**بەڵکی بەتەعسسوب و عەشیری**[٥٥]

جیاوازی لەنێوان تەعەسوب بۆ عەشیرەتو تەعەسوب بۆ (نەتەوە) هەر یەکجار گەورەیە. ئیبن خەلدوون (إبن خلدون) لە (المقدمه)[٥٦] کەیدا بەوردی لەسەر ((العصبيه)) نوسیووە، کە دینامۆی هەڵسوڕانو گەشەکردنی عەشیرەتە. لەم بەیتەی سەرەوە دەرناکەوێت مەبەستی شاعیر، تەعەسوبە بۆ یەك (هۆز)ی تایبەت، یان هەموو عەشیرەتەکانە، کە گەلی کورد پێکدەهێنن.

**خەون**

خەون، بەواتای (رؤیا)ی عەرەبیو فزیۆنی Vision ئەڵەمانیو ڤژنی (vision)ی ئینگلیزی، کە هەردووکیان لەلاتینییەوە وەرگیراون. سەرەتای تەوەری دووەمی دیباجەکەی (مەمو زین)ی خانی، خەونی مرۆڤانەی خۆی دەبینێت.

مرۆڤ ئەگەر نەیتوانی، لەبەر هەر هۆیەك بێت، حەزو ئارەزووی خۆی لەسەر زەوی واقیع بهێنێتەدی، ئەوە لەڕێگەی خەونەوە، هیواو ئامانجو حەزەکان، لەکاتی نووستندا بەشێوەی سمبۆلی دێتە دی.

شاعیر، دەسەڵاتی بڕیار دروستکەر نییە، نەدەتوانێت جێگەی (میر) بگرێتەوە، نە هێزو توانای ئەوی هەیە بۆ هەڵکردنی ئاڵای گۆڕانو گۆڕانکاری دەنگی بەرز بکاتەوە، بۆیە لەدەرگا نهێنییەکانی بنهۆشەوە (اللاواعی) بۆ جیهانی خەونە جیاوازەکان پێچ دەکاتەوە.

ئەو بەسێ بەیت خەونی ئەوە دەبینێت، کە (جام جم) لەبەردەمیدا دانراوەو چاوەڕوانی بۆ تێکردنە. جامی جەم: جامی جەمشید، جامێکی ئەفسانەییە، فیردۆسی لەشانامەدا لەسەری نوسیووە، گوایە: کەیخوسرەوی شای ساسانییەکان، هەموو جیهانی تێدا بینیوە. خانی داوا لەساقی دەکات، چۆرێك شەراب برژێنێتە (جام جم)ەوە، بۆئەوەی جیهان بنوێنێت. لێرەدا خەون ڕێك بەرامبەر (ڤژن vision)ی لاتینی دەوەستێت، بەمانای دەرکەوتن لەبەردەم چاوی ڕۆحدا. نواندنی جیهان لەناو (جامی جەم)دا، تاکو شاعیر بتوانێت بەچاوی ڕۆح، ویستو ئیرادەو چارەنووسی گەلو نیشتمانێکی تێدا ببینێت. دەرکەوتنی بارودۆخی وێناکراو، یان بەخەون

بینراوی داهاتوو، دەبێتە ڕێپیشاندەرو نەخشەی ڕێگای نەوەی نوێ:

**ساقی تۆ ژ بۆی خودێ کەرەم کە**

**یەک جورعەیێ د جامێ جەم کە**

**دا جام ب مەی جەهان نوما بت**

**هەرچی مە ئرادە تێ خوویا بت**

**دا کەشف ببن لەبەر مە ئەحوال**

**کانێ دبتن مویەسسەر ئقبال**(٥٧)

ئەم خەونە بۆ باشترکردنی چارەنووس، ڕازیبوونو ملکەچیو بێدەنگی تێدا ناخوێنرێتەوە، بەرامبەر بە ((میر))ی هاوچەرخی شاعیر. خەونو ڤژن، جۆرێکە لەئەلتەرناتیڤ، نەك پەسەندکردنو مەلەکردنی سەرەوژێر. خەون: سەرەوژوور مەلەکردنو ڕێژنەی پرسیاری تێدا دەبینرێت. لەسێبەری خەوندا، شاعیر سەرجەمی بارودۆخی سیاسیی، دەسەڵاتی میر، دەخاتە بەر بارانی پرسیارو شەرعیەتی لەبەردەم ڕەشەبا مەترسییە نەبینراوەکان هەڵدەخات!

خانی لەخەونەکەیدا چاوەڕوانی گۆڕانێکی بنچینەیی دەکات: ڕۆژگار بەشێوەیەکی تر بگۆڕێتو ئەستێرەی بەختی کوردان بدرەوشێتەوە. لەپڕ ڕزگارکەرێك ((مەهدی)) دەردەکەوێتو گۆڕانی بنەڕەتی ڕوودات.

سەردەمێکی جیاوازی بەختەوەری بێتەدی، کە بریتیبێت، لەخەونەکانی ئێمە:

**قەت مومکنە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب**

**تالع ببتن ژ بۆ مە کەوکەب**

**بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار**

**جارەک ببتن ژ خوابێ هشیار**

**رابت ژ مە ژی جهانپەنا هەک**

**پەیدا ببتن مە پادشاهەک**

**شوورێ هونەرا مە بێتە دانیین**

**قەدری قەڵەما مە بێتە زانین**(٥٨)

مەهدی کورد، لەئاسمانی شاراوەییو ونبوون، سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوە. ڕەوتی کۆمەڵو مێژوو، بەگوێرەی حەزو ئارەزووی شاعیر بگۆڕێت. کێشە کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگیو سیاسییەکان، کە خەڵك (شاعیر) پێوەی دەناڵێنێت، لەسەر دەستی سەرفرازکەر (der Erlöser)(٥٩). بەرهەمی ڕووناکبیری نووسەرو شاعیران، نرخو بەهایان بەرز بکرێتەوەو ڕێزیان لــێ بگیرێتو پشتیوانییان لێبکرێت.

لەدوا نیوە بەیتدا نووسراوە (قەدری قەڵەما مە بێتە زانین) ڕێژنەیەك پرسیاری تاڵ، پەڵە هەورێکی گلەییو گومان، لەدوورەوە هەستی پێ دەکرێت. شاعیر ویستوویەتی بەدیپلۆماسی بڵێت: (میری کورد) هیچ بایەخی بەقەڵەمی من نەداوەو بیرو ڕادەی ڕووناکبیریو کەسایەتیی منی پشتگوێ خستووە. میرانی ئێمە، کولتوورو خاوەن قەڵەمو ئینتلجنسیا، بەچاوی سووك سەیر دەکەن. خەڵکی ڕووناکبیر هیچ نرخێکیان لای ئەوان نییە. ئەزموونی شاعیر لەگەڵ باوكو باپیرەی میری ئێستادا ـ واتە: کاتی نووسینی مەمو زین ـ ڕێگەی پێداوە، بەراورد بکات. ئەگەر ئەو ئاگای لەفیردۆسیو نظامی بووبێت، زانیویە چۆن وەزیرو میرو سەرۆکی دەوڵەتو میرنشینەکانی دراوسێ پشتیوانی لەخاوەن قەڵەمەکان دەکەن.

ئەم تێزەی سەرەوە لەسێ بەیتی خوارەوە، سەرلەنوێ دووبارە دەکرێتەوە، کە شاعیر (وێنە)ی خۆی لەبەرچاو گرتووە، نەك وێنەیەك فلچەی خەیاڵو فەنتازیا لەسەر تابلۆیەکی سیحری کێشابێتی: مەبەستی خەڵك،

یان بابەتێك بێت، کە پەیوەندیی دوورو نزیکی بەخۆیەوە نەبێت:

**گەر دێ هەبووا مە پادشاهەك**

**لایق بدیا خودێ کولا هەك**

**تعیین ببوا ژ بۆ وی تەختەك**

**زاهر دبوو ژ بۆ مە بەختەك**

**حاسل ببوا ژ بۆ وی تاجەك**

**ئەلبەتتە دبو مە ژی رەواجەك**(٦٠)

(ئەلبەتتە دبوو مە ژی رەواجەك) واتە: شاعیر، بەئاگایی‌و هۆشیارییەوە ئەم نیوە بەیتەی نووسیبێت، یان کاریگەریی بنهۆش (Unterbewusstsein) کەوتبێتە گەڕ، قەڵەم ملی خۆی لەدەست ویستی شاعیر دەرهێنابێت، جەختکراوە لەسەر بایەخپێنەدان‌و پشت گوێ خستن‌و پەراوێزخستنی رووناکبیران. مەبەستی شاعیر لەپلەی یەکەمدا خۆیەتی! دەیەوێ بڵێت: گۆرانی میر، بەقازانجی من نەبووە‌و من وەکو جاران گوڵی دیوەخان‌و دەرباری میر نیم.

ئەگەر کورد پاشایەکی هەبوایە‌و خاوەن تەخت‌و تاجی خۆی بوایە، هەر یەکسەر بارودۆخی کوردان، بەشێوەیەکی پۆزەتیف دەگۆڕدرا. شاعیر بوونی سێ هێماو سمبۆل (پاشا، تاج، تەخت)ی خۆمانە، دەکاتە پێشمەرج بۆ ئەوەی کورد، برەوی هەبێت‌و ریزی لێ بگیرێت. واتە: رێزلێنەگرتن، بەسووك سەیرکردن، لەگەڵ دەرکەوتنی (پاشا، تاج، تەخت) گرێدراوە.

خانی، وەکو رووناکبیرو شاعیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی، رەنگە یەکەمین کەس بێت، بەنووسین، گرێکوێرەی هەست بە (خۆبەکەمدانان) یان (خۆبەنزمگرتن)ی دارشتبێت‌و دەربڕیبێت. مەبەستی ئەو کۆمپلێکس Complex نییە، کە بەهۆی کەمئەندامییەوە تووشی هەندێ کەس دەبێت، بەڵکو مەبەست هەستی بەکۆمەڵی گەلێکە، بەرامبەر گەلانی تر، رەش بەرامبەر بەسپی، خەڵکی وڵاتانی گەشەکردوو بەرامبەر وڵاتانی پیشەسازی.

**غەمخواری دکر ل مە یەتیمان**

**دینانە دەرێ ژ دەست لە ئیمان**

**غالب نەدبوو ل سەرمە ئەڤ رووم**

**نەدبوونە خەرابەیی د دەست بووم**

**مەحکوومێ عەلییە‌و سەعالیك**

**مەغلووب‌و موتیعێ تورك‌و تاجێك**(٦١)

ئەم سێ بەیتەی سەرەوە کرۆکی گرێکوێرەی داگیرکراوی‌و ژێردەستی‌و تێکشکانی رۆحی بەرجەستە دەکات. چارەسەر، بەرامبەر نسکۆو ژێرکەوتن، سێ کوچکەی زێرینی دەسەلات (پاشا، تاج، تەخت) کە تەنیا لەسێبەری سەربەخۆییدا، ئاسۆیەکی جیاواز: سەربەخۆیی، دەسەڵاتی کوردی، سەرفرازی دەستەبەر دەبوو.

سەرلەنوێ گرێکوێرەی بێباوکایەتی: نەبوونی باوك، سەرلەنوێ لەسەر لاپەڕەکانی بنهۆشەوە بۆ ناو جیهانی داستانە شیعر دزە دەکات:

(غەمخواری دکر ل مە یەتیمان) ئەوی بێباوك، میری لاو، کە بەکوری ئەو دەشێ، ناتوانێت دەوری پەتریارخ ببینێت‌و غەمخواری بێباوك بکات. ئەمە ئەرکی (واجب)ی (میر ـ پەتریارخ)ە، کە پشتگوێی دەخات. بێباوکایەتی، سنووری (ئەن)ی شاعیر تێدەپەڕێنێت، هەموو گەلی کوردی داگیرکراو دەگرێتە خۆ. واتە: حاڵەتێکی تایبەت بۆ چوارچێوەی گشتاندن مشتوماڵ دەکرێت. ئەو نەك هەر خۆی، بەڵکو گەلێك بەبێ باوك دەبینێت، کە دەبێ

لەدەست چەوسانەوەی (پیاو خراپ)و بەدخوەکان دەرباز بکرێت.

بەدەرکەوتنی میری کوردی (مەهدی) قۆناغی هەتیوکەوتن، بێباوکایەتی کۆتایی پێدێت، قۆناغی نوێ دێتە پێشەوە: چەتری باوکایەتی هەڵدەکرێتو ساباتێك بۆ بێنەوایان دروست دەکرێت. میر ـ باوك ـ پەتریارخ، دەستی خۆشەویستیو دلۆڤانی بەسەر رۆڵە بێنازەکاندا دەهێناو نەیدەهێشت کەساسیو بێکەسیو تەنگانەیان پێوە دیار بێت.

میرێکی بەهێز، دەیتوانی سوپایەکی چەکداری بەهێز پێکەوە بنێت، سەربەخۆییو ئازادی بەدەست بهێنێت، رێگە بەلەشکرکێشیی رۆمو تاجیك نەدات، بەناو خاکی نیشتماندا تەراتین بکاتو تەڕو وشك پێکەوە بسوتێنێت.

هێزی چەکدارو سوپا، دەبوونە بەربەستو نەیاندەهێشت هێزێکی داگیرکەر، زێدی باوو باپیرانمان لێ داگیر بکاتو بمانکاتە کۆیلەو ژێردەستە.

دەسەڵاتی سەربەخۆی کوردی بواری نەدەدا، تاکی کورد، بەر نەفرەتو چەسانەوەو ژێرکەوتن بکەوێت. هیچ هێزێك نەیدەتوانی زەوییان لێ داگیربکاتو نەیدەتوانی زولمورۆریان لێبکات. کورد نە دەبووە ژێردەستەی «تورك» و «تاجیك»و نە هیچ کەسێکی تر. چونکە (میری کورد) دەیتوانی داکۆکی لەگەلو نیشتمان بکاتو بواری هێزێکی دەرەکی نەدات دەستدرێژی بکاتو بەمەنتیقی زۆرەملێ ئیرادەی خۆی بسەپێنێت..

**گەڕان بەدوای تیشکی هۆکارو راستی**

قۆناغی یەکەم، قۆناغی خەونو فزیۆن Vision لەپڕ کۆتایی پێدێت، چونکە رێگەی دەستگرتن بەپەلکەزێرینەو ئەگریجەی گزنگی فەنتازیاوە، دەگاتە بنبەستو مرۆڤی خاوەن خەون ناگەیەنێتە دوا وێستگەی ئامانجو هیچ دەستکەوتو سوودێك وەدەست ناهێنرێت. بەردی رەقی واقیع، لەهەموو لایەکەوە قوت دەبێتەوە:

**ئەما ژ ئەزەل خودێ وساکر**

**ئەڤ رۆمو عەجەم لەسەرمە راکر**[٦٢]

هێزێك لەدەرەوەی ویستی مرۆڤو کۆمەڵو سروشتەوە بڕیار دەدات. کە ئەو بڕیاری دا، ویستی مرۆڤ رەوانەی تاراوگە دەکرێتو بەتەواوی دەسڕێتەوە. میتافیزیك دەبێتە بزوێنەرو هەڵسوڕێنەرو بڕیاردەر. چارەنووس تەنیا بەدەست خۆیەوەو هیچ ویستێکی تر کاری ناکاتە سەر. هەر ئەو هێزە، لایەك باڵادەستو سەرکەوتوو دەکات، لاکەی تر دۆڕاو و داگیرکراو و ژێرکەوتوو. ویست، ویستی (خودێ)یە، کە بەشێك لەگەلان، بەسەر بەشەکەی تردا زاڵ دەکات (رۆمو عەجەم ـ کورد). ئەمە چارەنووسە، هەر لەیەکەم رۆژی (ئەزەل)ەوە، نووسراوە: هاوکێشەی دوو پۆلی: داگیرکەر/ داگیرکراو/ باڵادەست، بێدەسەڵات.

واتە: بڕیارەکە، کە بڕیارێکە، لەسەرەوە دراوە، ویستی (خودێ)یە، مرۆڤی (کۆیلە)ی ئەو، مافی قسەکردنی نییەو دەبێ ئەوپەڕی ملکەچایەتیو گوێڕایەڵی بنوێنێت.

زنجیرەی پێکەوە گرێدانی لۆجیکی نێوان بەیتی سەرەوە، لەگەڵ بەیتی خوارەوەدا پچڕاوە. ئینجا جۆرێکی تر لەلۆجیك دەکەوێتە گەڕ:

**تابعییەتی وان ئەگەر چ عارە**

**ئەو عارە ل خەلقی نامدارە**

**ناموسە لە حاکمو ئەمیران**

**تاوان چییە شاعرو فەقیران**[٦٣]

ئەگەر هەر لەرۆژی ئەزەلەوە، گەلان بۆ دوو شێوە دابەشبوون:

داگیرکەرو داگیرکراو، پاشکۆو پێشکۆ، گرێدەرو گرێدراو، ئەوە جیهان بۆ سەر دوو بەرەی ناکۆك، دابەشکراوە.

پاشکۆیی، رازیبوون بەداگیرکراویو ژێردەستی جێگەی شەرمەزرایو ریسواییە. مەسەلەی بەرپرسیارێتی، بەسەر هەموو گەلدا دابەش دەبێت، کە بەژیانی ژێردەستیو داگیرکراوی رازی دەبێت، بەڵام سەرکردەو ناوداران بەشی شێریان بەردەکەوێت.

تانەیەکی گەورەیەو بەنەوچاوانی (حاکمو میران)ەوە نراوە، چونکە ئەوان جڵەوەکەیان بەدەستەوەیە، دەمراستو بریاردەرن. خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵ: جوتیار، کۆچەر، پیشەوەر، بازرگان.. هتد. وەکو تاک، هیچ قورساییان نییەو ناتوانن، دەورێکی ئەوتۆ لەهاوکێشەکانی ئەودیوی سروشت بگێرن.

شاعیرو فەقیران، کە تەنیا بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیو مەعنەوییان دەکەوێتە ئەستۆ، نەك بەرپرسیارێتیی سیاسیی گرنگ، هیچ تاوانێکیان دەئەستۆ ناکەوێت. واتە: بارودۆخی داگیرکراوی، کە لە (ئەزەل)ەوە بەردەوامە، تا رۆژی دارشتنی داستانە شیعرییەکە، تەنیا (حاکمو ئەمیران) لێی بەرپرسیارن. کەواتە: ئیرادەی مرۆڤ (حاکمو ئەمیران) گرنگەو ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی پێشووی شاعیرە، کە هەموو کارەساتەکە دەخاتە ئەستۆی ئەو کارە لە (ئەزەل)ەوە دیاری کراوە.

**یەکگرتن و یەکگرتنەوە**

سروشتی سەرەکیی کۆمەڵی کوردستان تا ناوەراستی سەدەی (١٩)، یەکگرتنو یەکگرتنەوە نەبووە، بەڵکو پارچە پارچەییو پەراگەندەییو پەرتەوازەیی بووە، لەسنووری میرنشینو خێڵو تیرەو تایەفەدا، هێزێکی ئایدۆلۆجی - سیاسیی، یان هێزێکی سەربازیی تۆکمە پەیدا نەبووە، بتوانێ هەموو دەسەڵاتو هێزە بچووكو پەرتو بڵاوەکان لەچوارچێوەیەکی سیاسیی یەکگرتوودا کۆبکاتەوە. لەمێژوودا نموونە زۆرن، چۆن پریشکێکی ئایدۆلۆجی، یان پێویستیی داگیرکردنو داگیرکاریو تەشەنەسەندن، بۆتە دینەمۆی جوڵانەوەیەکی بەهوروژمو دەوڵەتێك، یان چەند دەوڵەتێك پێکهاتووە:

١. سەرهەڵدانی دینێکی نوێ، مەزهەبێکی نوێ، بۆتە مۆتیڤی یەکگرتنەوەی هۆزە ناکۆكو دژ بەیەکەکان، ئیدی لەبری دووبەرەکیو شەری ناوخۆ، ئاراستەی شەروشۆر، پاش یەکگرتنەوەیان بۆ دیوی دەرەوە بووە، بەهەرهەموویانەوە پەلاماری دراوسێی لاوازو جیاوازو دووریان داوە.

٢. هۆزێك توانیویەتی، لەسێبەری سەرکردەیەکی خێڵەکیدا، لەپێناوی تاڵانکردنو راوورووتدا (جەنگیزخان بۆ نموونە) هۆزە کۆچەرو رەوەندەکان لەژێر یەك ئاڵادا کۆبکاتەوەو پەلاماری رۆژهەڵاتو رۆژاوا بدات.

٣. هۆزێك، بەرێکخستنو بەرێوەبەرایەتیی زیرەکانە، توانیویەتی دروشمی ئایینی بکاتە ئامرازو پەڵپو بیانوو بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خێڵ بۆ ئیمپراتۆریەتێکی پانو بەرین (دەوڵەتی عوسمانی بۆ نموونە) پەلاماردانی دەوڵەتانی دراوسێ، بەبیانووی ئەوەی ئاینێکی جیاوازیان هەیە (شەرِ دژی دەوڵەتی بێزەنتیو دەوڵەتە ئەوروپییەکان).

ئەحمەدی خانی، هەروەکو شەرەفخانی بتلیسی، کە سەد ساڵ پێش خۆی ژیاوە، هەستی بەکێشەی بنچینەیی کوردەواری کردووە، کە هیچ رێککەوتنو هاوپەیمانێتی لەنێوانیاندا نییەو ناتوانن شێوەیەك لەشێوەکانی پێکەوە ژیان هەڵبژێرن[٦٤]. هیچ هێزێك ناتوانێت یان بەنەرمیو نە بەتوندی، لاکەی تر بۆ بن ساباتی دەسەڵاتی خۆی رابکێشێت، نە پێکەوە دەسەڵاتی هاوبەش دروست بکەن. لەوجۆرە کۆمەڵەدا، گیانی سەرکەشیو یاخیبوونو جیابوونەوە، هەر زۆر لەزریانی (ناوەند)ێتی بەهێزترە:

**لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن**

**دائم ب تەمەرِوود و شقاقن[٦٥]**

یەکنەبوونو یەکنەگرتنەوە، بۆتە هۆی لەدەستدانی هەلی زێرینو هەڵپرووکاندنی خەونی سەربەخۆییو سەرفرازی. رێکنەکەوتنی میرنشینە کوردەکان لەنێو خۆیاندا، پرۆسەی داگیرکردنو ژێردەستەیی ئاسانتر کردووە.

ئەگەر ئەو میرنشینانە یەکیان بگرتایە، هاوکێشە چەقبەستووەکەی (ئەزەل) هەڵدەگەڕایەوە، ژێردەستە دەبووە سەردەستە، سەردەستە دەبووە ژێر دەستە. داگیرکراو دەبووە داگیرکەر، داگیرکەر دەبووە داگیرکراو.

**گەر دێ هەبووا مە ئتفاقەک**

**ڤێکرا بکرا مەژی و فاقەک**

**رووم و عەرەب و عەجەم تەمامی**

**هەمیان ژ مەرا دکر غولامی** (٦٦)

گریمانەی ویستی یەکگرتنەوە، لەناو هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت و پێچەوانەی ویستی دەرەوەی کۆمەڵ و سروشتە، کە سەرووی ویستی مرۆڤە. واتە: خانی دوو بۆچوونی ناکۆک پێشکەش دەکات، جارێك ویست: ویستی (خودێ)یە، کە گەلانی تری باڵادەست کردووە و کوردی بێبەش و مافخوراو کردووە. وێنەی جیاوازو ئاوەژوو (ویستی یەکگرتن و یەکگرتنەوە)یە، کە لەناو گەلێکدا نادیارو بزرو شاراوەیە. بەڵام ئەگەر ویستی یەکگرتنەوە لەدایك بێت، هارمۆنی دەبێت، هاوکێشەکان هەر هەموو سەروبن دەبن.

**مۆتیڤی دەرەکیی نووسینی "مەم و زین"**

پێشتر لەسەر ئەم تەوەرەم نووسی، کە تەنیا لایەنی دەروونی ڕەچاوکراوە: واتە: هەوڵدراوە لەدیوی ناوەوە هۆکارەکان بدۆزینەوە، کە هانی شاعیریان داوە رووبکاتە جیهانی نووسین بۆ دەربڕینی چەندین کێشەی شاراوەو نەبینراوە، کە بەشێکیان (گرێ)ی بنهۆشن، لەچرکەیەکدا دەتەقێتەوە، کە خاوەن گرێکە خۆی پێی نازانێت.

لەم بەشەدا بەپشتبەستن، بەڕازی درکێنراو، کە لەناو بەیتەکاندا شاعیر ڕاستەوخۆ وەکو (هۆ) بەرچاوی خستوون بۆ نووسینی (مەم و زین) هەوڵی نزیك خستنەوەو دۆزینەوەی (کۆد)ەکان دەدەین!

خانی ڕەنگە، لەناخی خۆیدا، بەتەواوی بڕوای بەوە کردبێت، کە شیعرەکانی ئەو، لەگەڵ کارەکانی (فیردۆسی)و (نظامی)و (جامی)دا بەراورد ناکرێت. بەڵام لەهەمان کاتدا، هەستی کردووە، پەیام و خەونێکی مەزنی هەیەو دەبێ بیانگەیەنێت و لەچوارچێوەیەکی شیعریی جواندا دایانڕێژێت. بۆیە دەست دەداتە قەڵەم و ناتوانێت چیدی لەدۆخی چاوەڕوانی و دەستەوەستاندا بمێنێتەوە:

**خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی**

**مەیدانی کەمالێ دیت خالی** (٦٧)

ئەمە دۆزینەوەی مۆتیڤە، لەچرکەی داهێنان و هەوڵی تێگەیشتن لەهۆی نووسین و فڕینی مەلی پەیام. ئەو، لەژێر ئاسمانی شینی ئەدەبدا، نەشارەزایی و ناکارامەیی خۆی ڕەچاو کردووە، لەچاو ئەو خەون و پەیامەی چاوەڕوانی دەکات. ئەم بەهرەی (فیردۆسی)و (نظامی)و (جامی) نییەو لەتەکنیکی شیعر دارشتندا ناگاتە ئەوان: ئەمە لایەنی هاننەدەرو ساردکەرەوەیە لەهەڵمەت و دەستپێشکەری. ئەو، لەم خاڵەدا، ئەوپەڕی ڕاستگۆ بووە لەگەڵ خۆیدا: هاوکێشەکەی بەڕوونی بینیوە: لەجیهانێکی فراوان و بەربڵاودا، ئەو، بەتەکنیك و شارەزایی و بەهرە پڕچەك نییە! بەڵام بەرامبەری ئاسۆیەکی بەرین دەبینێت، کە بەزۆر رایدەکێشێت و (خاچ)ی پەیام بەسەر شانیدا دەدات و داوای لێ دەکات، ملی ڕێگەیەکی جیاواز بگرێت و هەر بڕوات ئاوڕ لەدواوە نەداتەوە. دەنگێك لەغەیبەوە وەك (سروش) لەناوەوە دەچریکێنێت. داوای لێ دەکات وەکو لافاو، یان هەرەسی بەفر، هەمووی ڕامالێت. بتە زیندووەکان بهەژێنێت و زەوی لەبن پێیاندا بهێنێتە لەرزین:

**حاسل ژ عناد ئەگەر ژ بێداد**

**ئەڤ بدعەتە کر خلافێ موعتاد**

**سافی شەمراند ڤە خوار دوردی**

**مانەندێ دوڕێ لسانێ کوردی** (٦٨)

کام هاندەر، لەپێش هاندەرەکەی تر دادەنرێت (عناد)و (بیداد)؟ ئەو بەراشکاوی راستییەکان، کە پاڵنەرن بۆ نووسینەکە نادرکێنێت: (عناد)ی واتە: رق ئەستووری، مۆتیڤە بۆ دەستپێشکەری! رق ئەستووری چ پەیوەندییەکی بەبەرهەمی ئەدەبییەوە هەیە؟ شاعیر دیارە وەکو زۆربەی داهێنەران، هەستی گەورەیی بریندار کراوە، ئەویش ویستویەتی بەکارێکی ئەدەبیی مەزن بۆ میرو دەوروبەرەکەی (حاشیە) بسەلمێنێت، ئەم لەناخەوە نارازییەو توورەیە.

وشەکەی تر، کە وەکو هاندەر دانراوە: زاراوەی (بێداد)ە: ئەم زاراوەیە، بارگاوییە بەواتایەکی زۆر، دروشمە بۆ شۆرش. پێچەوانەکەی: داد، عەدالەت، دادپەروەری، یەکێکە لەسێ کوچکەی دروشمی سەرەکیی شۆرشی فەرەنسی (دادپەروەری، یەکسانی، ئازادی). بۆ بێدادیی هاندەرو پاڵنەری نووسینی شاکارێك بێت؟ یەکەم خوێندنەوە، مەبەستی ئەوەیە، گەلی کورد، داگیرکراوە، چەوساوەیە، خاکەکەی کراوەتە شەرگەو شوێنی تەراتێنی سوپای داگیرکەرانی دژ بەیەك. ئەم خوێندنەوەیە، دیوی رەسمیی لەدایکبوونی (مەمو زین)ە. ئەو، وەکو داکۆکیکەرێك لە (بێداد)ی مەنیفێستی سیاسیی گۆڕانو گۆڕانکاری بۆ داهاتوو نووسیووە.

خوێندنەوەی دووەم، کە لەناوەراستی دێرەکاندا، نەنووسراون: خانی هەستی کردووە، میری نوێ بەرامبەری وەکو دوو (پەتریاخ)ەکەی پێشووتر نییە، بێدادیو زوڵموزۆر هەیە، ئەمیش هەر لە (عناد)یو رق ئەستووری، تەنیا لەسەر قاقەز بانگەوازی بۆ شۆرش کردووە!

شاعیر رێگەی (تقلید)و لاسایی کردنەوەو شێوازی باو ناگرێتە بەر. ئەو، نایەوێت بەو رێگەیەدا بڕوات، کە شاعیرانی پێشووتر بەسەریدا تێپەریون. بەکارهێنانی وشەی (بدعە) کە لای زانایانی ئیسلام بە (لەدین دەرچوون) دادەنرێتو زاراوەیەکی نێگەتیڤو دزێوە لای (فقهاو)و هەرجارێك ویسترابێت یەکێك دەمکوت بکرێت مۆری (بدعە)ی لێدراوەو خوێنی حەڵاڵ کراوە. ئەم زاراوەیەکی سلبیو پڕە لەواتای (گومراهی) بۆ رچە شکاندنەکەی خۆی بەکاردەهێنێت.

بێگومان خانی بەوردی کارەکانی (مەلای جزیری)و (فەقێ تەیران)ی خوێندۆتەوەو زانیویەتی ئەو یەکەم کەس نییە، کە بەکرمانجی ژووروو شیعری نووسیبێت. هەروەکو چۆن «نالی» زانیویەتی چەندین کەس پێش خۆی، (بەتایبەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندیو ئیبن ئەلحاجو شێخ مارفی نۆدێ)، بەکرمانجی خواروو شیعریان نوسیووە، سێیەمیان فەرهەنگی (ئەحمەدی) بەسۆرانی ـ عەرەبی داناوە. کەواتە: ئەم (بدعە)یە، کە خانی دایهێناوەو کەسی تر پێش ئەم رچەکەی نەشکاندووە چییە؟

ئەو، پەرداخێك شەرابی فەل، نەك باشترین جۆری (شاتوو)ی فەرەنسی وێنا دەکات. سێ بەشی روونەو بنەکەی خەڵتەیە. خەڵك بەشە روونو سافو جوانەکەی دەنۆشێتو خەڵتەو پەڵتەکەی تووڕ دەدات. شاعیر، بەپێچەوانەوەی دابونەریتی باو دەکات، بەشە روونو سافەکەی شەرابی لەعلی رومانی لەبەردەم پەیکەری بێهوودەیی دەرێژێتو هەرچی تلپەو خەڵتەی بنی پەرداخەکەیە، بەسەریەوە دەنێت. لەنێوان (دورد) کە خەڵتەو تڵپەی شەرابەو (دوڕ) تەناسوب هەیە. ئەو، زمانی کوردی (لسانێ کوردی) لەناو (دورد) دەبینێت. کەچی شاعیر ئەو (دورد)ەی لێ دەبێتە (دوڕ)و مرواری. یاریکردن بە وشە، مەبەست تەنیا یاریکردن نییە، بەڵکو دەرخستنی هەندێ راستیی باوی سەردەمە. چینی خوێنەرو ئینتلجنسیای کوردی، پشتی لەزمانەکەی خۆی کردووە، هەموو بیرو هۆشیان لای ئەدەبیاتی گەلانی ترە. ئەم دیاردەیە پەیوەندیی بەکولتووری داگیرکراویو هەست (بەخۆ بەکەمگرتن)ەوە هەیە. بۆیە خانی بڕیاری گۆڕانو وەرچەرخان دەدات.

(مانەندێ دوڕێ) ئەم دەستەواژەیە، تێگەیشتنو (تفسیر)ێکی زۆر هەڵدەگرێت. خانی لەلایەکەوە زمانی کوردی ئەوەندە لا بەنرخ دەبێت وشەکانی لێ دەبێتە مرواری. هەمان دەستەواژە، ئاماژەیەکی زەقو زۆپە بۆ زمانی (دوڕی) یان (دەری)، کە زمانی دەرباری ساسانی (دەری) پێگوتراوە. واتە: زمانی کوردی دەتوانێت ببێتە زمانی

دەرباری میرنشینی کوردی، یان دەرباری دەوڵەتی یەکگرتوو، چونکە (دەری) زمانی دەرباری ئیمپراتۆریەت بووە. هەمان دەستەواژە، ئەو بۆچوونەش هەڵدەگرێت، کە (دەری) پاش رووخانو هەرەسپێهێنانی دەوڵەتی ساسانی بووە، بۆتە زمانی ستاندارتی میرنشینو شاعیرو نووسەرانی رۆژهەڵاتی ئێرانو لەرێگەی (دەری) یان (دوری) بووژانەوەو (رێنیسانس) رووی داوە. خانی ویستویەتی بڵێ: زمانی کوردی دەتوانێت هەمان دەوری زمانی (دوری) بگێرێتو ببێتە زمانی رابوونو هەڵسانەوەو خۆناسینەوەی گەلی کوردو لەرێگەی ئەم بزاڤە کولتوورییەوە دەوڵەتی یەکگرتوو دروست دەبێت:

**ئینایە نزامو ئینتزامێ**

**کێشایە جەفا ژ بۆی عامێ**[٦٩]

شاعیر ملوانەکەی مرواری دەهۆنێتەوە، بەجوانی رێکیدەخات (مەمو زین)، هەروەکو چۆن، ژنێکی شۆخو شەنگ، بەگەردەنەو ملەلیرەو ملوانکەی زێرو مرواری خۆی دەرازێنێتەوە، سەرنجی خەڵك بۆ خۆی رادەکێشێتو ناچاری دەوروبەر دەکات، رێزی لێبگرن. گەلێك ئەدەبو هونەری هەبوو، گەلانی تر، بەچاوی رێزو حورمەتەوە، سەیری شاکارەکانی دەکەن. گەلێك هیچ هونەرو ئەدەبی نەبوو، سەرنجی کەس راناکێشێتو ئەو رێزەی نابێت.

ئەو کەسانەی بریاریان دا بەفارسی (دەری) بنووسن، نەك بە عەرەبی، کە زمانی دەسەڵاتو دین بووە، فارسی رچە شکاندنو دەستپێشکەری بووە، پێشتر نموونەی نەبووە[٧٠]. ئەم هەنگاوە بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی تایبەت بووە، بۆ ئەوەی گەلو سامانی کولتووری مەزن، هەروا بەئاسانی لەناو ئاینیو دەسەڵاتی نوێدا نەتوێنەوە. واتە: بووژاندنەوەی کولتووری پەهلەوی یارمەتیدەر بووە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتو دەسەڵاتو فەرهەنگی نوێ.

**دا خەلق نەبێژێتن کو ئەکراد**

**بێ مەعرفتن ب ئەسڵو بونیاد**[٧١]

من ئەم کتێبە دەنووسم، هەروەکو چۆن (فیردۆسی) شاکاری (شانامە)ی نووسی، تا ئەو بۆچوونە ناڕاستو پڕ هەڵەو پەڵەیە راست بکەمەوە، گوایە کوردان لەبواری زانیاریو ئەدەبیاتدا، هەر لەرەگو ریشەوە، هەر زۆر کۆڵەوارو کەساسو هیچیان نییە شانازیی پێوە بکەن. هەروەکو چۆن فیردۆسی بە (شانامە)[٧٢] هاوکێشەکەی گۆری، منیش بەنووسینێك هاوکێشەکە وەکو ئەو دەگۆڕمو حوکمی پێشتر دراو دەرەوێنمەوە:

**ئەنواعێ ملەل خودان کتێبن**

**کورمانج تەنێ دبێ حسێبن**[٧٣]

شاعیر، کورد لەگەڵ گەلانی تردا بەراورد دەکات: بەراوردکردن واتە: بیرکردنەوە. بەراوردکردنەکە، نیشانەی هەوڵدانە بۆ گەران بەدوای هۆکارەکانی سۆسیۆلۆگیای دواکەوتنو بەجێمان. ئەو ئاگاداری باری رووناکبیریی گەلانی دراوسێیە. بەزمانی عەرەبیو فارسیو عوسمانی کتێبێکی زۆر نووسراوەو لەبەردەستدایە، لەبەرئەوەی خاوەن دەوڵەتو دەسەڵاتن، یان بەپێچەوانەوە: ئەوان خاوەن کتێبن، بۆیە توانیویانە دەوڵەت دروست بکەن. بەڵام کرمانج، لەهیچ کوێ، هیچ حسابێکی بۆ ناکرێتو نرخێکی ئەوتۆی بۆ دانانرێت! بەزمانی کرمانجی کاری فیکری نەکراوە، بەرهەمی رووناکبیری زۆر کەمە، بۆیە لەدەسەڵاتی سیاسیشدا بێبەش بوون. کتێب لێرەدا دەکرێت وەکو سمبۆل سەیر بکرێت، سمبۆلی دەوڵەمەندیی بیرو هزرو بایەخدان بەژیانی رووناکبیری. گەلێك بیرو عەقڵو بەرهەمی ئەدەبیو هونەریی نەبێت، ناتوانێت دەوڵەت دروست بکاتو شان لەشانی گەلانی تر بدات.

### کۆتایی خەونو چاوەروانیی تاڵ

شاعیر بۆی دەردەکەوێت، بەردە رەقەکانی واقیع بەروویدا هەڵدەپرژێن. خەونو چاوەروانیو ڤزیۆن Vision بەشێکن لەداهاتووی دوور، واقیعی ئەمرۆ ـ رۆژگاری ژیانی شاعیر ـ زۆر لەجیهانی خەونو فەنتازیاوە نامۆیە. کورد، هەر لەرۆژی یەکەمی (ئەزەل)ەوە، کە سەرەتای نییە، ژیانی ژێردەستیو داگیرکراویی بۆ ماوەتەوە.

(خودێ)ی دلۆڤانو مەزن، رۆمو عەجەمو تاجیکی بەسەر ئێمەدا سەپاندووەو باڵادەستی کردوونو کەس ناتوانێ بەگژیاندا بچێت. بازاڕ، تووشی تەنگژەو قەیرانو کەسادو نەسووڕانەوە هاتووە. هەر کاڵایەك لەبازاڕدا دەخرێتەڕوو، هیچ کڕیارێك لێی نزیك نابێتەوە:

**ڕ بکەم قەوی کەسادە بازاڕ**

**نینن ژ قوماشی را خەریدار**(٧٤)

واتە: بازاڕی ئەدەبو بیرو هزر، بەقۆناغی کەسادیدا تێدەپەڕن. هیچ میرێك ئارەزووی نییە، ئاوڕ لەشاعیرو بیرمەندان بداتەوە، چونکە «خەڵك» دەستبەرداری ژیانی (مەعنەوی) بوونو هەموو عاشقی بەهای (مادی)ینو شەیدای پووڵو پارەن. ئەمەش سمبۆلە بۆ تێکشکانی رۆحیو ئیفلاسی سیاسیی:

**خاسما دڤێ عەسرێ دا کو هەمیان**

**مەعشوقو حەبیبە بۆ مە هەمیان**

**یەعنی ژ تەمەع، دراڤو دینار**

**هەریەک ژ مە را وە بوونە دڵدار**(٧٥)

بەرامبەر خەونو ئاسۆی فراوانی داهاتوو، (ئێستا) شاعیر تابلۆیەکی رەشو تاریك دەبینێت. دیوانی شاعیرێك لەدیوەخانی (میر)دا نرخی پێڵاوێکی نییە! شاعیر نەیتوانیوە بڕوا بەخۆی بهێنێت (میری نوێ) بچووکترین خۆزگەو ئاواتی لەسەر دادەنرێت، ببێتە ئاڵا هەڵگری یەکگرتنەوەی کورد، هەروەکو چۆن عوسمانییەکان توانییان، هەنگاوی یەکەم خۆیان بەهێز بکەن. هەنگاوی دووەم سنووری ئیمپراتۆریەت بۆ ئەورووپاو ئەفریقا فڕێ. ئەوان بە (علم)و (حکمت) جوڵانەوەو نیوەی جیهانیان داگیرکرد. هەرچی (زانا)و (بەهرەمەند)و خەڵکی بەتوانا هەبوون بۆ خزمەتو ئیدارەی سیاسیی خۆیان رایانکێشان. بەڵام (میری کورد) نایەوێت ئاوڕ لەنزیکترین کەسی خۆی بداتەوە، کە (نظامی کورد)و (جامی کورد)ە. ئەو سیاسەتەکەی دوورخستنەوەی ئینتلجنسیاو سوککردنو ڕێزنەگرتنی بیریاران بێت، ئیدی خانی هیوای چیی پێی هەبێت؟

**گەر علم تەمام بدی ب پۆلەک**

**بفرۆشی تو حکمەتێ ب سۆلەک**

**کەس ناکەتە مەیتەرێ خو جامی**

**راناگرتن کەسەک نزامی**(٧٦)

نیزامی گەنجەوی (١١٣٥ ـ ١٢١٧ز)و جامی (١٤١٤ ـ ١٤٩٢ز) دوو ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەدەبیی فارسین. هەردووکیان جێگەی شانازیی گەلانی ئێرانینو هەردووکیان بەخەڵکی خاوەن بیرو حیکمەت ناسراون. بەڵام (میری کوردی) ئەگەر جامیو نیزامی سەر بەدەربارەکەیدا بکەن، ئامادە نییە (جامی) بەمەیتەرو (نیزامی) بەنۆکەرو خوڵام رابگرێت. ئەمە ئاستو رادەی کوێرەوەریی بیری میری کوردی دەردەبڕن. ئەم کۆپلەیە لەشیعری خانی وێنەیەکی کاریکاتێرییە بۆ ئاستی بیرکردنەوەو کارەکتەری چینی سەرەوەی کۆمەڵ بەرجەستە دەکات. چینی دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوا، هەر زۆر بەسووکی سەیری ئەهلی عەقڵو هزرو بیریان کردووە. تەنانەت ئامادەنەبوون، گەورەترین سمبۆلی شیعرو فیکر بەمەیتەرو نۆکەر رابگرن.

خانی بەڕێکەوت ئەم تابلۆیە پێشکەش ناکات. میری لەخۆباییو خۆبەزل زان، زێری ناو لەپی خاوەن بیران بەخۆڵو خەڵووز دەبینێت. شاعیر چۆن ئەو بڕوایەی لا دروست بووە، کە میری کورد، لەبەرزاییەوە دەڕوانێتە مێروولەو جاڵجاڵۆکەکانو هەر زۆر بەبچووكو بێبایەخ دەیانبینێت؟ مەسەلەکە تەنیا ئەزموونو تاقیکردنەوەیە، لەنزیکەوە. یەکێك لەدوورەوە بیستبێتی، گوێی لێ بووبێت، نەیدەتوانی رستەیەك، یان بەیتێك بنووسێت، کە پاش پتر لەسێ سەد ساڵ لەدەروونماندا دەنگ دەداتەوە! ئەگەر یەکێك بیەوێت دێرە نەنووسراوەکانی نێوان

هەردوو بەیتە نووسراوەکان، بەوردی بخوێنێتەوە، راستو رەوان ئەزموونی تاڵی شاعیر لەسێبەری دەسەڵاتی کوردیدا، هەست پێدەکرێت. خاوەنی (مەمو زین) رەنگە خۆی لەگەڵ جامیو نیزامیدا بەراورد کردبێت، یان لەو چرکەیەدا خۆی لەئاست ئەواندا دانابێت. بەکارهێنانی ناوی دوو شاعیری فارس وەکو رەمزو سمبۆل لەلایەنی (خانی)یەوە مانای ئەوەیە، بەناڕاستەوخۆ بەردی گرتۆتە شووشەی پەنجەرەی دەرباری میری کورد، لەهەمان کاتدا، ویستویەتی وێنایەك لای خوێنەر ببزوێنێت، کە نووسەری (مەمو زین) هیچی لەوان کەمتر نییە! ئەگەر ئەوان سەرلەنوێ زیندووبکرابانایەوەو لەخزمەتی میرێکی کورد بوونایە، بچووکترین نرخی بۆ دانەدەنانو (نۆکەرو مەیتەر)ی کە نزمترین کارن لەمیرنشینێکدا، پێیان رەوا نەدەبینرا.

خانی، هەندێ جار بەڕاستەوخۆ، هەندێ جاریش بەپێچاوپێچ، بەشێوەیەکی ورد (ئەناتۆمی ـ Anatomy)[٧٧] تێگەیشتنو سیستمی بیرکردنەوەی میری کورد پێشکەش دەکات: بیرکردنەوەیەك، کە ئەمسەرو ئەوسەری بەکۆمەڵێك بەرەژەوەندیی بەرتەسك تەنراوەتەوەو ئاسۆی ستراتیجی لەهەر چوارلاوە داخراوە. هەر یەکە دەیەوێت، دەستکەوتو قازانجی خۆیو دەسەڵاتی شێوێنراو و تێکقوپێنراوی خۆی، بەهەر نرخێك بێت بپارێزێت.

سەبارەت چیرۆکی نووسینی شانامەی فیردۆسی کۆمەڵێك دەنگوباسو سەربردە بڵاوکراونەتەوە. ئەبو قاسم، چاوەڕوانی ئەوە لەسوڵتان مەحموودی غەزنەوی دەکات، پاداشتێکی شیاوی بۆ رەوانە بکات. بەڵام سوڵتانی بەرەگەز تورك، ئەو حەماسەتەی بۆ شیعری فارسیو مێژووی ئێران نابێت. پێش تەواوبوونی شانامە دەسەڵاتی میرانی سامانی کۆتایی پێدێت، کە ئەوان هاندەرو پشتیوانیکەری بوون. ژمارەیەك وەزیرو میرو کەسایەتی، پشتگیری لەفیردۆسی دەکەنو هەندێ کەس، تەنیا بەسەرزارەکی سوپاسی دەکەن.

شاعیری ئێمە هەست بەوە ناکات، کە یەکێك، یان دامەزراوەیەکی سیاسیی پشتی گرتبێتو هانی نووسینی دابێت. ئەو پاش (١٧) بەیت بەڕاشکاوی تیرو توانجی خۆی ئاراستەی لووتبەرزیو رۆح زلی (حاکمی وەقت) دەکات. واتە: ئەو میرەی ئەم لەسێبەری دەسەڵاتیدا ژیاوە، زۆر بەرز فریوەو لەهەورازەوە، سەیری داهێنانو کارامەیی شاعیری کردووەو هیچ بەهایەکی (مادی) یان (مەعنەوی)ی بۆ شاعیرو کارەکەی دانەناوە:

**لێ حاکمێ وەقتێ مەعرفتناک**

**مەسمووع نەکر ب سەمعێ ئدراک**[٧٨]

میرێك نەتوانێت گوێ بۆ دەنگی بیریارو رووناکبیرو ئینتلجنسیا رادێرێت.. میرێك نەتوانێت بایەخ بەکەسانی بەهرەمەند بداتو نە بیەوێت فێربێتو نە بیەوێت گەشە بەخۆی بدات، دیارە بۆ خۆی (لەدەرەوەی بازنەی مێژوو دەژێت)و ئاستی زیرەکیو تێگەیشتنی داخراوە. بەگوێرەی تێگەیشتنی خانی: هۆیەك هەیە، کە رێگە بەمیر نادات، ئامێز بۆ خەڵکی خاوەن قەڵەمو رووناکبیر بکاتەوە. پەردەیەك بەرچاوی دەگرێتو دەروازەی بیرکردنەوەو ژێر کڵۆم دەکات:

**لەورا کو وی ئەڤ نەکر پەسەندە**

**با ئەسڵو نەسەب خۆ ئەو رەوەندە**[٧٩]

میری خانی، بەپێچەوانەی (میر)ی میکیاڤێلی، شاری نییەو رەوەندە. کولتووری (رەوەند)و (کۆچەر) بەچاوی بایەخو گرنگیپێدانەوە ناڕوانێتە بەرهەمی بیرو قەڵەمی رووناکبیران. لای ئەو، جوانی تەنیا لەبن پەلکەزێرینەی زەبرو زەنگ چڕ دەبێتەوە: تەنیا ئەسپو ماینو خەنجەرو دەمانچە تیشکی جوانییان دەخرێتە سەر. شاکاری وەکو (مەمو زین)و (فینۆمینای رۆح)و (هاری پۆتا) لەدەرەوەی پێوەری جوانیی رەوەندن.

**شاری بایەزیدو بیری خانی**

لەئێرانی سەردەمی (فیردۆسی)دا، ژمارەیەك شاری گەورەو بچووك هەبوون (بوخارا، سەمەرقەند، بەلخ..)و ژمارەیەك پایتەختی میرنشینی بەهێزو بەدەسەڵات هەبوون. شار، مەڵبەندی رووناکبیریو نووسینو کتێبو

(ئایدۆلۆجیا)و (بیر)و دووان لەسەر کێشە عەقڵیو فەلسەفییەکان بووە. خەڵکی شار پشتیوانییان لەنووسینی شانامەو چەندین پڕۆژەی تر کردووە بۆ بووژاندنەوەو زیندووکردنەوەی سامانی زمانی فارسیو پەهلەویو مێژووی دەوڵەتە ئێرانییەکانی پێش هاتنی ئیسلام.

لەسەردەمی خانیدا (بایەزید) پایتەختی میرنشین بووە. ئەو سیفەتی (رەوەند) واتە: پێچەوانەی کولتووری شاری، بەمیر دەبەخشێت، ئەوەش بەهۆیەك دەژمێردرێت، کە بۆچی میری کورد ئامێز بۆ خەڵکی خاوەن بیرو قەڵەم ناکاتەوە؟

راستییەکی روونو ئاشکرایە (بایەزید) شارێکی سنووریی زۆر کۆنەو ناوەکەی لەسەردەمی عوسمانیدا گۆڕاوە: پاش کۆچی دوایی سوڵتان بایەزید، خەڵکی شار، یان میری ئەو دەڤەرە، ناوی شارەکەی ناوە (بایەزید)[٨٠]. ئەم ناوە تا ساڵی ١٩٣٥ پارێزراوە.

لەئەدەبیاتی ئەرمەنیدا ناوی شارەکە بە (داریونك ـ Darünk)، (داریونگ ـ Daryung) یان (دارۆنك ـ Daronk) نووسراوە. مێژووی شارەکە بۆ سەردەمی ئۆرۆراتۆو مادو بێزەنتی دەگەڕێتەوە. لەسەدە ناوەڕاستەکاندا، سەنتەرێکی گرنگ بووە، کە رێگەی ئاوریشم (طریق الحریر)ی پێدا تێپەڕیوە[٨١].

لەسەر کەنارەکانی دەریای رەش، ناوەندی بازرگانیی زۆر چالاكو پڕ بایەخ هەبووە وەکو (سنۆپ، سامسۆن، ترابزۆن، .. هتد) کە بەندەری بازرگانی بوون (Ticaret Iskelesi)و رێگە دەریایان لەرێگەی (بایەزید)ەوە، بەشاری (تەورێز) گرێدراوە. بازرگانە جەنەوەییەکان (Genua) سەرپەرشتیی ئەو بازرگانییەی نێوان رۆژاواو رۆژهەڵاتیان کردووە. بازرگانەکانی جەنەوە سەلامەتیی رێگەی کاروانیان لەئەستۆ گرتبوو. تا ئەمڕۆش لەشاری بایەزید قەڵایەك هەیە، کە بەناوی قەڵای جەنەوییەکان (Genevizkalesi) ناودەبرێت[٨٢].

من نازانم شاری (بایەزید) لەسەردەمی نووسینی (مەمو زین)دا، ژمارەی دانیشتوانو قوتابخانەو مزگەوتو حەمامو بازاڕو دوکانی چەند بوون؟

ئێمە لەرێگەی شەرەفخانی بدلیسیو ئەولیا چەلەبییەوە زانیاریی وردمان لەسەر شارێکی وەکو بدلیس هەیە، کە لەکاتی شەرەفخاندا (٨٠٠) دوکانی[٨٣] تێدا بووە. ساڵی ١٦٥٤ واتە: (٥٧) پەنجاو حەوت ساڵ پاش نووسینی (شەرەفنامە) ئەولیا چەلەبی لەسیاحەتنامەدا دەنووسێ شاری بدلیس (١٢٠٠)هەزارو دوو سەد دوکانو (٧٠) قوتابخانەو (٥٠٠٠) پێنج هەزار خانووی تێدایە[٨٤]. لەسۆنگەی ئەم زانیارییانەوە ئێمە دەتوانین وێنایەکمان لەسەر باری ئابووریو چالاکیی بازرگانی هەبێت.

سەبارەت (بایەزید) هیچ زانیارییەکمان بەدەستەوە نییە وێنای گەورەیی شارو قەبارەی چالاکیی ئابووریو دراویو بارودۆخی بازاڕ لەبەر چاوماندا بەرجەستە بێت.

ئێمە دوو راستی دەزانین:

١. بایەزید شارێکی کۆنەو لەسەر رێگەی بازرگانی (رێگەی ئاوریشم) دروستبووەو لەسنووری ئێرانەوە زۆر نزیك بووەو نزیکە.

٢. داستانی (مەمو زین) بەڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ عەقڵیەتو شێوەی بیرکردنەوەی ناوبازاڕو هەڵوێستو بۆچوونی میر دەکات.

سەرنجو تێبینییەکانی لەسەر بازاڕو ئابووریو دراو، جێگەی وردبوونەوەو شیکردنەوەو لێکدانەوەن. دەبێ ئابووریناسێك لەڕوانگەی ئابوورییەوە سەیری تێگەیشتنو سەرنجەکانی ئەو بۆ دراو و بازاڕو چالاکیی ئابووری بکات. من نامەوێ لەخۆڕا دەنگۆیەك هەڵبەستم، گوایە شاعیر ئابووریناسو شارەزا بووە لەسەوداو موعامەلەدا.. هتد. من تەنیا دەمەوێ بەوردتر سەیری هەندێ بەیتی داستانەکە بکرێتو هەروا بەسادەیی، بەسەر ئەو چەمكو زاراوانەدا تێنەپەڕین:

**ڕ بکم کو قەوی کەسادە بازاڕ**
**نینن ژ قوماش را خەریدار[٨٥]**

بێگومان خانی کەشتییەوان بوایە، ڕەنگە وێنەی بازاڕ کەسادی، بەکارنەهێنایە، بەڵکو (المتنبی) ئاسا بیگوتایە (تجری الریاح بما لا تشتهی السفن...). زۆر بەکارهێنانی (وێنە)ی جیهانی بازاڕو دراڤ، بەڵگەی ئاشنایەتیو شارەزابوونە، نەك بێئاگایی لەم بوارەدا. بەتایبەتی کە زانیمان لەگیرفانی خۆی مزگەوتو قوتابخانەی دروست کردووە، نیشانەی (هەبوونو تێری)یە، هەرچەند من نامەوێ ئیدیعای ئەوە بکەم، کە ئەو، بەشداریی لەبازاڕ کردووەو بایەخی بەکارو کەسابەت داوەو مەسەلەکە تەنیا پێویستیی کێشو سەرواو میتافە Metaphe نییە.

یەکێك بزانێت، کە بازاڕ (قەوی کەسادە) واتە: قەیرانەکە هەر زۆر لە لووتکە نزیك بۆتەوە، دەزانێ (زەعیف کەسادە)و (مام ناوەندی: متوسط کەسادە بازاڕ) ئەم جۆرە شارەزاییو حوکمدانە، بەرهەمی ڕێکەوتو ڕەمڵێدان نییە بۆ بازاڕ تەنگژەیەکی بەهێزی تێکەڵاوە، چونکە ئەو کاڵایەی خراوەتە بازاڕەوە هیچ کەس کڕیاری نییە. هەر ئەم قەیرانەی ٢٠٠٨ لەبازاڕی ڕۆژاوادا روویدا، هەر بەم شێوەیە وەسفی (بۆرسەی وڵستریت) دەکرا.

ئەو، لێرە مەبەستی بازاڕی ئاسایی نەبووە، بەڵکو بە (مجاز) ئەم وێنەیەی بەکارهێناوە:

بازاڕی ئەدەبو هونەر کەسادی تێکەوتووە، چونکە لەبازاڕو جیهانی ئەدەبو کڕیار بەرچاو ناکەوێت. ئەگەر کڕیار هەبێت، ئەگەر میرێك هەبێت پشتگیریی نووسەرو شاعیرو ڕووناکبیران بکات، گەشەکردنو پێشکەوتن ڕوودەداتو هاوکێشە چەقبەستووەکان سەروبن دەبنەوە.

**یەعنی تەمەع، دراڤو دینار**
**هەر یەک ژمە را وە بوونە دڵدار[٨٦]**

تەنیا لەکۆمەڵی سەرمایەداریدا هەندێ بەهای (مادە پەرستن)و پشتگوێ خستنی بەهاو نەریتی عەشایەری (پەرستنی پەیوەندی نێوان دوو کەس، دڵسۆز بەبێ پارە، خۆ بەکوشتدان لەپێناو ناوبانگی عەشیرەت .. هتد) دەبینرێت. ئەگەر لەپێناوی (تەماع) بەهای ئەخلاقی دۆڕێنرا، ئەوە نیشانەی داهاتنی کۆمەڵێکی جیاوازە.

ئەم دوو بەیتەو چەندین بەیتی تریش دەتوانرێت، بەهێماو نیشانەی تێکەڵاوبوونو ئاشنایەتیو شارەزایی شاعیر لەبواری بازاڕو جیهانی دارایی ببینرێت، بەڵام بەڵگەی موتڵەق نین[٨٧].

تێگەیشتنی شاعیر، بەبەراورد لەگەڵ تێگەیشتنی میر بۆ جیهانی دراڤو بازاڕ هەر زۆر جیاوازە. هەر یەکە ڕوانگەو جیهانبینی خۆی هەیە. شاعیر دەستی لەکولتووری (ڕەوەندایەتی) هەڵگرتووە، خۆی بەناڕاستەوخۆ بە (شاری) پێناسە دەکات. میر هەرچەند دەربارو کۆشكو تەلاری لەناو شاردا هەبووە، بەڵام دەستی لەکولتووری (ڕەوەندایەتی) هەڵنەگرتووەو پەرستوویەتیو بەنەریتو ڕەوشی کۆچەر (ناشاری ـ ناگوندی) هەڵسوکەوتی کردووە:

**لەورا کو وی نەڤ نەکر پەسەندە**
**بانەسڵو نەسەب خو ئەو ڕەوەندە[٨٨]**

میری بەلەشو جەستەو دەسەڵات لەناو شاردا ژیاوە، بەبیرکردنەوە، دیلی دەستی کولتووری عەشیرەتگەریو (ڕەوەندایەتی) بووە. بۆیە ئەم میرە دەستی بەڕووی شاعیرەوە ناوەو پشتی تێکردووەو ئامادەی یارمەتیو پشتیوانی نەبووە. ئەم دیمەنە دڵتەزێنە، لەمێژوودا چەندین جار دووبارە بۆتەوە: فیردۆسی (شانامە) پێشکەشی مەحموود غەزنەوی دەکاتو ئەویش بەساردو سڕی پێشوازیی لێدەکات.

ڕاستە (بایەزید) شارێکی کۆنو بازرگانی بووەو چینێکی بازرگان، ژیانی ئابووریی شاری هەڵسووڕاندووە، پەیوەندی لەڕێگەی بازرگانی (جەنەوە)وە، لەگەڵ دەریای ڕەشو ڕۆژاوا هەبووە، لەم سەریشەوە لەڕێگەی بازرگانی فارسو چینییەوە، لەگەڵ ڕۆژهەڵات پەیوەندیی هەبووە.

لەسۆنگەی شەڕو پێکدادانی سەر سنوور، کە (بایەزید) نزیکترین خاڵی سەر سنووڕو گۆڕینەوەی بازرگانی بووە. دەسەڵاتێکی عەسکەری دروستبووە، کە بەبەردەوامی تێکەڵاوی شەڕو پێکدادان بووە. ئەم جۆرە هێزە بۆ کوردستانی سەدەی (١٧) زەحمەت بووە، جگە لەهێزی کۆکردنەوەی کۆچەرو چەکداری عەشایەری، توانیبێتی سوود لەهێزی تر وەربگرێت.

ئێمە لەمێژووی نزیکی خۆماندا نموونەی ترمان هەیە، کە بنەماڵەی ئۆرستۆکراتیو چینی سەرەوەی میرنشینی بابان تا ساڵی ١٨٢٠ واتە: پاش تێپەڕبوونی (٣٦) ساڵ بەسەر دروستکردنی شاری سلێمانیو چەندین ساڵی ژیان لەقەلاچۆلان، ریچ ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێك لەسلێمانی دەبێتو هەواڵی خالید پاشا دەپرسێو ئەویش دەڵێ: ((هێندە لەبەغدا ماوەتەوە هیچ سیفەتی عەشایەریی تێدا نەماوەو رەنگی بازرگانیی لێ نیشتووە، کە بەئینگلیزییەکەی وەهایە:

((He has been so long in Baghdad that he has lost all traces of clanship, he has become no better than a merchant))[٨٩]

دەبێ خانی زۆر تێکەڵاوی بازرگانو کاسبکاران بووبێتو بەوردی ئاگای لەکێشەو سەرئێشەو خەمو پەژارەیان بووبێت. بەحوکمی کارو پیشە، لەناو دەرباری میری بایەزید، ئاگای لەبیرکردنەوەی میرو دارو دەستەکەی بووە. ئەو بەرد تێگرتنە، کە من بەهەر شێوەیەك بیخوێنمەوە، ساکارترین ستادیشی تێدا بۆ میر بەدی ناکەم. بەڵگەیە لەسەر جۆرێك لەدابەشبوونی ویژدانی، دوو رەوشتیی ـ Doppelmoral لەلایەکەوە شاعیر شۆڕبۆتەوە بۆ ناخی چینی مام ناوەندی شاری، لەگەڵ فەرهەنگو کولتووریان ئاشنایەتیی پەیدا کردووە. داوای یەکگرتنەوەی نیشتمانی لەژێر ئاڵای بۆرجوازی ناکات، بەڵکو لەبن ئاڵای میری کورد، پێویستە یەکگرتنەوەکە رووبداتو (تاج) شایی لەسەر بنێتو مەملەکەت پێکەوە بنێت.

لەلایەکی ترەوە شاعیری گەورە (مونشی) دەربار دەبێتو لەسێبەری (حاکمی وەقت) بەئەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکاتو دەبێتە باشترینو جێی باوەڕترین نووسەری دەربارو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژو رەنگە تا کۆتایی ژیان هەر ئەو کارەی کردبێت.

**کۆتایی**

ئەحمەدی خانی، یەکێکە لەشاعیرە مەزنەکانی کوردستان. شاعیرێکی رووناکبیرو سیاسیی بووەو خەونی بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی ئازادەوە بینیوە. ئەو، لەئەنجامی کارو پیشەو خزمایەتیو تێکەڵاوبوون، لەگەڵ چینی سەرەوەی کۆمەڵو میری جیاجیای میرنشینی بایەزید، لەهەلومەرجی سیاسیی میرنشینی بایەزیدو میرنشینەکانی ترو سروشتی داگیرکەرانەی دەوڵەتانی دراوسێ تێگەیشتووە.

ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندان، بایەزیدی سەردەمی خانی، شارێکی سەر رێگەی ئاوریشمو خاڵی پەیوەندیی نێوان شارەکانی قەراخ دەریای رەشو تەوریز بووە: شارێکی بازرگانیو پیشەیی دەوڵەمەندو پڕ جموجوڵی هاتوچۆو کارو کەسابەت بووە. سەبارەت ناسنامەی ئیتنی بازرگانەکان، زانیاریی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە: رەنگە ئیتالیو ئەرمەنیو ئێرانی لەوێ پێکەوە کاریان کردبێت. قەبارەی بازرگانیی کورد بۆ من لەتاریکاییدا خۆی مت کردووەو نەمتوانی بگەمە ئەنجامێکی باوەڕپێکراو.

ڤولکەر ئاید (Volker Eid)[٩٠] جەختی لەسەر ئەوە کردووە، گوایە داهاتی گومرگی بایەزید، یەکجار زۆر بووە، ئەویش ژمارەی بەدەستەوە نەداوە. دڵنیام رووناکبیرانی باکوور دەتوانن بەدوای دۆکۆمێنتو بەڵگەنامەدا بگەڕێن.

دەتوانن پتر لەسەر زانیارییەکانی ڤولکەر ئاید بڕۆن: ئەو دەڵێت ئیسحاق پاشا لەدوا چارەکی سەدەی (١٨) توانیی قەڵایەکی مەزن دروست بکات، کە ئێستا بەیەکێك لەهونەرە میعمارییە جوانەکانی کوردستانو تورکیا دادەنرێت. ئەو بەداهاتی گومرگ ئەو قەڵایەی بنیات ناوە.. سێ چارەکە سەدە، پاش نووسینی (مەمو زین)

داهاتی گومرگ، ئەوەندە بووبێت، بۆچی سەدەیەك، یان (٧٥) ساڵ پێشتر چالاکیی بازرگانی کش‌و خامۆش بووە؟

خانی، شاعیرێکی رووناکبیر بووە، بەپێچەوانەی شاعیرو رووناکبیرەکانی تر، باری دارایی باش بووە، نەك هەژارو بەلەنگاز، وەکو ئەو خۆی لەریزی دەستکورت‌و فەقیراندا داناوە. مرۆڤی دەستکورت‌و لێقەوماو، ناتوانێت لەرێی (خودێ) مزگەوت‌و قوتابخانە دروست بکات! ئەو، داوا لەبازرگانێك، کاسبکارێك، بۆرجوازییەك، رووناکبیرێك ناکات، ئاڵای رزگاریی نیشتمانی‌و پێکهێنانی دەوڵەت بەرز بکاتەوە، بەڵکو داواکەی ئاراستەی میرێك، پادشایەك، جیهانپەنایەك دەکات، ئاڵای رزگاری بەرز بکاتەوەو خەونی دەوڵەت پێکهێنانی دەخاتە ئەستۆ!

## سەرچاوەو سەرنج‌و تێبینی

١.مەم‌و زین چەند جارێك بڵاوکراوەتەوە، من تەنیا ئەم دەقانەی خوارەوەم لەبەردەستدابوون:

*احمد خانی، مم وزین (ساغکردنەوەو وەرگێران بۆ رووسی م. ب رودنکو) مسکوا، ١٩٦٢

*ئەحمەدی خانی، مەم‌و زین (ساغکردنەوەو بڵاوکردنەوەی تەحسین ئیبراهیم دۆسکی) سپیرێز، هەولێر، ٢٠٠٨

*جان دوست، الدر الثمين في شرح مم وزين، سپیرێز، اربیل، ٢٠٠٦

ـئەحمەدێ خانی، مەم وزین (راڤەو شرۆڤە پەرویز جیهانی) سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٧

٢. تحسين إبراهيم الدوسكى، جواهر المعانى فى شرح ديوان احمد الخانى، سپيرێز، أربيل، ٢٠٠٥، ص٢١

٣. تحسين إبراهيم الدوسكى (المصدر السابق) ص١٨

٤. تحسين إبراهيم الدوسكى (المصدر السابق) ص٢٣

٥. المصدر السابق، ص١٨

٦. المصدر السابق، ص٢٤

٧. پێشزاری: وەرگێرانی حەرفیی وشەی (Vormundschaft)ە.

دەتوانرێت بەهەمان شێوە: پێشزاری بۆ کردن بەکاربهێنرێت: وصی

٨. تەحسین ئیبراهیم دۆسکی (سەرچاوەی پێشوو)، ل ٤٣٥ ـ ٤٣٧

٩. Defeuze, G: Nietsche, ein Lesebuch. Berlin ٥١٨ .١٩٧٩f

١٠. نالی: مناظر الأنشاء (دەستنووس) وردترین زانیاریی تێدا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی کارو پیشەی (مونشی)و لەسەر تەکنیکی نامەنووسین‌و هونەری رەوانبێژیی کلاسیکی دەوڵەمەندترین کتێبە. لەکتێبخانەی زانکۆی ئەستەموول پارێزراوە. کۆپییەکەی لای (بنکەی ژین)ە.

١١. تحسين إبراهيم الدوسكى (المصدر السابق) ص٤٠

١٢. م. ب. رودنکو: أحمد خانی (سەرچاوەی پێشوو) ل٣٧

١٣. تحسين إبراهيم الدوسكى (المصدر السابق) ص٤١

١٤. Zoja, Luigi: Das Verschwinden der Väter, aus dem Italienischen von Rita Seuss, Düsseldort; Zürch ٢٠٠٢, S. ٥٩f

١٥. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (ب: پەرویز جیهانی) ل ٢٢٩

١٦. الدكتور عزالدين مصطفى رسول: احمدي خاني ١٦٥٠ ـ ١٧٠٧ «شاعراً ومفكراً» فيلسوفاً ومتصوفاً، كلية الآداب ـ جامعة بغداد، مطبعة الحوادث، بغداد ١٩٧٩ ص٩٥

١٧. جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی، نەبیری ((قەومیەت))ی رۆژهەڵاتی‌و نەبیری ((ناسیۆنالیزم))ی رۆژاواییە. بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆڵم ١٩٨٤ ی ف/٢٥٩٦ ی ك ل٣٤

١٨. محەمەدی مەلا کەریم: لەپێناوی راستیو کوردو خانیدا، ئاراس، چ ١، هەولێر ١٩٩٩، ل ٤٦.

١٩. مارتن ڤان براوینسن: (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانیو دەوری وی لەدەرکەوتنی وشیاریی نەتەوایەتی کوردیدا. وەرگێرانی حەسەنی قازی. لەگۆڤاری گزینگ، ژ ١٤، هودکسڤال (سوید)، زستانی ١٩٩٧ (١٣٧٥)، ل ١٥ ـ ٢٣.

٢٠. د. ئەمیری حەسەن پوور: گەلی کوردو دەسەلاتی سیاسیی لە ((مەم و زین))ی خانیدا، ب١، لەگۆڤاری گزینگ، ژ ١٢، هودکسڤال (سوید)، هاوینی ١٣٧٥ (١٩٩٦) ل ١٥ ـ ٢١.

٢١. د. سعد بشیر اسکندر: قیام النظام الاماراتی في کردستان وسقوطه، ط١، بغداد ٢٠٠٥، ص١٩٣

٢٢. Bruinessen, M. M. van: Agha, Scheich und staat, Edition Parabolis, Berlin, ١٩٨٩. S. ١٦٣ff

٢٣. عبدالغني الملاح: المتنبي يسترد أباه، دراسة في نسب المتنبي، بغداد، ١٩٧٤ ص١٨

٢٤. هوییۆتێزە: گریمانەیەکی نەسەلمێنراوە، کە لەرێگەی بەڵگەوە، بەئامانجی کاراکردنەوە وەکو ئامرازی یارمەتیدەر بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکی مەعریفی.

٢٥. Anderson, Benedict, Die Erfindung der Nation, campus, Frankfurt/ New York. ١٩٩٦ S. ٧٢ ff

٢٦. Schultze, Hagen: Staat und Nation in der europäischen Geschichte, Beckische reihe, ٢. Auflage, Nördlingen. ٢٠٠٤. S. ١٠٨ ff

٢٧. Tibi, Bassam: Vom Gottesreich zum Nationalstaaten, suhrkamp, Frankfurt am main ١٩٨٧ S. ١٧ ff

٢٨. Esman, Milton J. and Rabinovich: Ethnicity, Pluralism, and the State in the Middle East, New York. ١٩٨٨ P. ٢٥

٢٩. دکتر ذبیح الله صفا: تأریخ أدبیات ایران، جلد اول، از آغار عهد اسلامی تا دوره سلجوقی. چاپ شانزدهم، تهران. ١٣٨٠ ص٢٥.

٣٠. دکتر عبدالحسین زرین کوب: تاریخ مردم إیران (٢)، ازپایان ساسانیان تا پایان آل بویه، مؤسسه، چاپ هشم، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٨٢ ص٩٨.

٣١. ابو قاسم فردوسی: شاهنامه ـ بر اساس چاپ مسکو، تهران. ١٣٨٦ ص٢٥.

٣٢. حسن العلوي: عمر والتشیع، ثنائیة القطیعة والمشارکة، دار الزوراء لندن، لندن ٢٠٠٧ ص١٧١

٣٣. ایلیا پاولویچ بگروشفسکی: اسلام در ایران، از هجرت تا قرن نهم هجری، ترجمه کریم کشاورز، انتشارات پیام، تهران ١٣٦٢ ص٤١

٣٤. هەر نووسەرێکی ئێرانی لەسەر مێژووی ئێران نووسیبێتی، نەیتوانیوە باسی ئەم (گرێ)یە نەکات. تەنانەت لەهەڵسوکەوتو بیرکردنەوەی تاکیش دەردەکەوێت.

بروانە: شجاع الدین شفا: پس از هزارو چهار صد سال.

جلد اول، نشر فرزاد. چاپ پنجم ٢٠٠١ ص٢٨٠

٣٥. بنهۆش: بۆ عەرەبیو کوردیو فارسی بەهەڵە تەرجەمە کراوە. فرۆید خۆی چەمکی (Unterbewusstsein)ی بەکارهێناوە. واتە: لایەنی رۆحیو دەروونی، کە بۆ بەشی (هۆش) بەربەست کراوە. مرۆڤ رەنگە ئاستو شێوەی (هۆش)ی تێبگاتو بتوانێ پەرەی پێبدات، یان بارودۆخی بابەتی دەیگۆرێت. بنهۆش، ئەوە بوارێکەو بەربەست کراوەو هۆش لەهیچ دەروازەیەکەوە نایگاتێ. نەست: هیچ پەیوەندییەکی بە (هۆش)ەوە نییە. (اللاوعی واللاشعور)ی عەرەبی بەهەمان شێوە راست نییە.

٣٦. ادوارد براون: تأريخ الأدب في إيران ـ من الفردوسي الى السعدي، ترجمة: الدكتور أبراهيم أمين الشواربي، ط١، القاهرة. ٢٠٠٤ ص١١٥

٣٧. مرتضى راوندى: تأريخ إجتماعى إيران، جلد هشتم ـ بخش يكم، مؤسسه أنتشارات نطاه، تهران ١٣٨٢، ص٧٧

٣٨. مرتضى راوندى: تأريخ إجتماعى إيران... ص١٢٥

٣٩. مرتضى راوندى: تأريخ إجتماعى إيران... ص١٢٧

٤٠. مرتضى راوندى: تأريخ إجتماعى إيران... ص١٢٩

٤١. ادوارد براون: (المصدر السابق) ص١٥٢

٤٢. مرتضى راوندى: تأريخ إجتماعى إيران... ص١٢٩

٤٣. مرتضى راوندى: تأريخ إجتماعى إيران... ص١٢٧

٤٤. Tibi, Bassam, Ibid., S. ٣٦ ff.

٤٥. Engelmann, Bernt: Wir Untertanen, Fischer München, Gütersloh, Wien ١٩٨٢ S. ٢٠

٤٦. Tibi, Bassam, Ibid., S. ١٣٥

٤٧. Langewiesche, Dieter, Nation – Nationalismus, Nationalstaat in Deutschland und Europa, Beck, München ٢٠٠٠ S. ١٤ ff

٤٨. Trevefyan, George Macaulay: GARIBALDI"S DEFENCE OF THE ROMAN REPUBLIC ٩ – ١٨٤٨ London. ٢٠٠١ P. ١٩

٤٩. Küntzel, Ulrich: Die Geschäfte berühmter Männer, ISP Verlag, Frankfurt a.Main, ٢٠٠١ S. ٢٥٧ ff

٥٠. Küntzel, ulrich; Ibid., S. ٥٢٣ ff

٥١. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل

٥٢. بەراورد لەگەڵ مامۆستا جەعفەر: سلێمانیو ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠ ـ ١٩٢٠، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦، ل٨

٥٣. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل٢١٠

٥٤. جەمال نەبەز: (س. پ) ل ١٦.

٥٥. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل٢١٩

٥٦. إبن خلدون: المقدمه، دار الرائد العربى، بيروت ص١٥٦

٥٧. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ١٩٢

٥٨. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ١٩٤ ـ ١٩٥

٥٩. Kippenberg: Die Vorderasiatischen Erlösungsrelegionen, Suhrkamp, Frankfurt un Main ١٩٩١ S. ٨٢ ff

٦٠. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ١٩٨ ـ ١٩٩

٦١. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٠٠ ـ ٢٠١

٦٢. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل

٦٣. ئەحمەدی خانی: (مەم‌و زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٠٣ ـ ٢٠٤

٦٤. شرف خان بن شمس الدين بدليسى: شرفنامه ـ تاريخ مفصل كردستان، به اهتمام: ولاديمير ولييامينوف

زرنوف، إنتشارات اساگیر ٢٤٤، بگربورغ ١٨٦٢ ص١٢

٠٦٥ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٢١٤

٠٦٦ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٢١٤

٠٦٧ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٢١٧

٠٦٨ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٢١٨ـ٢١٩

٠٦٩ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٦٥

٠٧٠ شاعیرێك كە ناوی (بسام كورد)ەو هاوچەرخی (محمد بن وصیف)و (محمد بن مخلد) رەنگە یەكەمین كورد بێت، كە بەفارسی شیعری نووسیبێت‌و چەند بەیتێكی بەفارسی لێ بەجێماوەو لەسەردەمی (یعقوب بن لیث) ژیاوەو شیعرەكەی دەوروبەری ساڵی ٢٥١ ك نووسراوە٠ ناوی ئەم شاعیرو كاتی ژیان‌و شیعری زۆر گرنگ‌ن‌و شایانی لێكۆڵینەوەی زیاترن٠

بڕوانە:

ـ دكتر ذبیح الله صفا (م٠ س) ص١٦٦ـ١٦٩

ـ بابا مردۆخ روحانی (شێوا): تاریخ مشاهید كرد، جلد اول، سروش، تهران ١٣٦٤ ص٩

٠٧١ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٦٧

٠٧٢ بێگومان (فیردۆسی) زانیویەتی تەلارێكی بەرزو بڵندو قایمی ئەوتۆی دروست كردووە كە (با)و (باران) كاری تێنەكات:

پی افكندم از نظم كاخی بلند،

كه از باد وباران نیابد گزند

٠٧٣ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٢٢٢

٠٧٤ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٢٢٧

٠٧٥ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٢٢٨ـ٢٢٩

٠٧٦ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٢٣٠

٠٧٧ ئەناتۆمی: علم التشریح

٠٧٨ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٢٣٩

٠٧٩ ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س٠ س)، ل ٢٤٠

٠٨٠ فۆلكەر ئاید Volker Eid پێیوایە ناو گۆڕاندنەكە پەیوەندیی بەمراندنی سوڵتان بایەزیدەوە نییە لەشاری (بایەزید) ساڵی ١٤٠٣ لەلایەن تەیموور لەنگەوە لەزیندان٠ ناونانەكە پەیوەندیی بەناوی میرێكی كوردەوە هەیە، كە سەرەتای هاتنی عوسمانییەكان ئەو دەسەڵاتدار بووە٠

Eid, Volker: Osttürke: Völker und kulturen, zwischen, Taurus und Arart, Dumont, Köln ٢٢٤ ١٩٩٠

٨١٠ Bingöl, Yüksel: Der ishak pascha palast in Dogubayazit am Berg Ararat, Edition Orient, Göttingen ١٩٨٢ S٠ ١٤

٨٢٠ Bingöl, Yüksel, Ibid, S٠ ١٥

٠٨٣ امیر شرف خان بدلیسی: شرفنامه تاریخ مفصل كردستان، با مقدمه وتعلیقات وحواشی: محمد عباسی، چاپ ٢، تهران ١٣٦٤ ص٤٥٦

٠٨٤ ئەولیا چەلەبی: سیاحتنامە: كورد لەمێژووی دراوسێكانیدا، و٠ سەعید ناكام، چاپی دووەم، بەغدا ١٩٨٧ ل١١١

٨٥. ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٢٧

٨٦. ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٢٩

٨٧. لەفەرهەنگی (نوبهارا بچوکان) بەهەمان شێوە، هەندێ بەیت بەرچاو دەکەون، کە نزیکی لەبازاڕەوە پیشان دەدەن:

(إجره) کرێ (رهن)ە گەرەو

(خسر) زیان (کذب) دەرەو

(بیع) فروتن (عطاء) دانە

کڕین چیە (ئەوە) (شرا)

بڕوانە: احمد خانی: نوبهارا بچوکان، حققه وعلق علیه وقدم له حمدی عبدالمجید السلفی، مطبعة الرشید، بغداد. ١٩٩٠ ص١٨

بەراوردکردنی (نوبهارا بچوکان) لەگەڵ (ئەحمەد)ی شێخ مارفی نۆدێ، ڕاستییەك ڕوون دەبێتەوە، کە لەیەکەمدا ئاشنایەتی لەگەڵ جیهانی بازرگانی بەدی دەکرێتو لەدووەمدا دانەر چەمکی (بازاڕ) جێگەی بایەخو گرنگیپێدانی نییە. بەدووری نازانم هەردوولا کتێبی (نصاب الصبیان)یان لەبەردەستدا بووبێت، کە کتێبێکە بۆ منداڵی فارسی زمان دانراوەو بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی.

٨٨. ئەحمەدی خانی: (مەمو زین) (پەرویز جیهانی) (س. س)، ل ٢٤٠

٨٩. Rich, Claudius James: Narrative of a Residence in Koordistan, London, ١٨٣٦, P. ٩٥.

٩٠. Eid Volker; Ibid. S. ٢٢٥.



**مەزاری خانی**